گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەقئاوێزانی ئەدەبی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا[1]

**م. حسين صابر على**
کۆلێژی قەلاّ بۆ بەهرەداران، وەزارەتی پەروەردە.
husseinsabir@yahoo.com

**پ.د. مولود ابراهيم حسن**
بەشی زمانی کوردی، کولێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
mawlud.hassan@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/١٦
پەسەندکردن:٢٠٢١/١٠/٢٥
بلاّو کردنەوە:زستان ٢٠٢٢

**کلیلی وشەکان:**
Literary intertextuality, Technique, Rumination, Absorption, Dialogue.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.1.2

## پوختە

دەقئاوێزان دەرگایەکی نوێ بەڕووی دەقی ئەدەبیدا دەکاتەوە و پەیوەندیی بەسامانی دەوڵەمەندی پێشوو و هاوکاتی خۆی دیاردەکات. (دەقئاوێزانی ئەدەبی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە کە هەوڵدەدات ئاستی ڕۆشنبیریی و ئەزموون و تەکنیکاریی چیرۆکنووس لەگەڵ دەقئاوێزانی ئەدەبیدا ڕوونبکاتەوەو گرینگترین دەقئاوێزانە ئەدەبییەکان لە چیرۆکەکانیدا دەستنیشاندەکات. توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لەتەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی کورت دەقی ئەدەبی دەناسێندرێت، دواتر سەرهەڵدان و چەمکی دەقئاوێزان ڕووندەکرێتەوە، دوای ئەویش جۆرو تەکنیکەکانی دەقئاوێزان تیشکیان دەخرێتەسەر. لە تەوەری دووەمیشدا بەپێی ماوەی بلاوکردنەوەی چیرۆک و کۆمەڵە چیرۆکەکان، دەقئاوێزانە ئەدەبییەکان لە چیرۆکەکاندا دەستنیشان دەکرێت، گرینگترین ئەو تەکنیکانەش دیاردەخرێت کە چیرۆکنووس لە دەقئاوێزانە ئەدەبییەکاندا بەکاریهێناوە.

[1] ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

بەهۆی ئەو کێشانەی توێژینەوە ڕەخنەیی و بەراوردکارییەکان سەبارەت بە چەند چەمکێکی گشتی هەیانبوو، دەقئاوێزان پەیدادەبێت و دەرگایەکی نوێ بەڕووی دەقی ئەدەبی دەکاتەوە. دەقئاوێزان پەیوەندی دەقێک لەگەڵ دەقی پێش و هاوکاتی خۆی ڕووندەکاتەوە، دەقئاوێزانی ئەدەبی وەکو جۆرێکی سەرەکیی دەقئاوێزان، دەستنیشانی دیارترین وەرگرتنە ئەدەبییەکان دەکات کە ئەدیب بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تێکهەڵکێشی دەقێکی خۆی دەکات، ئەم بارەش لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا جێبەجێ کراوەو ڕوونکراوەتەوە. سنووری ئەم توێژینەوەیە ئەو چیرۆکانەی چیرۆکنووسە کە لە پێنج چیرۆکی پەرش و بڵاو و هەشت کۆمەڵە چیرۆکەکەیدا بڵاویکردوونەتەوە، مەبەستیش ئەوە بووە ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیریی و تەکنیکاریی چیرۆکنووس لەگەڵ دەقئاویزانی ئەدەبیدا دیاربکرێت. زۆریی چیرۆکەکانی لە ڕووی قەبارەوە کیشەی دروست دەکرد، بەپلانی زانستی کێشەکان چارەسەرکراون. لە چوارچێوەی میتۆدێکی مێژوویی شیکاریی کار لەسەر چیرۆکەکان کراوە. توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکدێت؛ لە تەوەری یەکەمدا دەقی ئەدەبی و سەرهەڵدان و چەمک و جۆرو تەکنیکەکانی دەقئاوێزان ڕوونکراونەتەوە. لە تەوەری دووەمیشدا بەپێی ماوەی بڵاوکردنەوەی چیرۆک و کۆمەڵە چیرۆکەکان، گرینگترین دەقئاوێزانە ئەدەبییەکان لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا دەستنیشان کراوە. لە کۆتاییش لە چەند خاڵێکدا گرینگترین ئەو ئەنجامانە دەستنیشان کراون کە لە چوارچێوەی ئەم تویژینەوەیەدا پێی گەیشتووین.

## تەوەری یەکەم: دەقئاوێزان لەڕووی تیۆرییەوە

### باسی یەکەم: کورتەناسینێکی دەق

دەقئاوێزان پەیوەستییەکی زۆری بە دەقی ئەدەبییەوە هەیە، دەقی ئەدەبی کە بنچینەکەی لە زمانی کوردی (دەق)ە و لە زمانی عەرەبی (نص) و لە زمانی ئینگلیزیشدا (Text)ە. ئەمانەش واتای وردی خۆیان هەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبنە بناغەی دەقی ئەدەبی. دەق دیاردەیەکی زمانییە، لە ناوەخنیدا مانا هەیە. دەق بە بەرهەمێکی نووسراو یان گوتراوی کورت یان درێژ دەگوترێت، مەرجی سەرەکیشی ئەوەیە خاوەن یەکەیەکی سەربەخۆبێت. وەک دیارە دەق لە زمانیئینگلیزیدا (Text)ە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلاتینیشدا (textus)ە، ئەم وشە لاتینییەش لە ((فرمانی (نص) (texere) هاتووەکەبە عەرەبی دەبێتە (نسج) دەچنێ، بۆیە واتای دەق دەبێتە چنین))[الصبیحی، 2016، ل15]. ئەم بابەتی چنینە لەلایەن ڕەخنەگری فەڕەنسی (ڕۆلان بارت 1915-1980) جەختی لەسەرکراوەتەوەو ئەوەی دەربڕیوە کە دەق ((بەمانای پارچەی چنراوە))[بارت، 2011، ل72]. بارت ئەم بۆچوونەی فراوانتر دەکات و جەخت لەسەر چەند لایەنێکی دیکەی دەق دەکاتەوە، ئەو پێی وایە کە دەق ((ڕووبەرێکی ڕواڵەتی و شێوەیی کاری ئەدەبییە، چنینی وشە ڕێکخراو و گونجاوەکانە لە کارێکدا))[بارت، 2014، ص85]. ئەم بابەتی چنینە کە زیاتر مەبەست لێی چنینی پیت و وشەو ڕستەو دواتر هەموو دەقەکەیە، جەختکردنەوەیەکی زۆرە لەسەر لایەنی شێوەیی و زمانیی دەق، بەشێوەیەک لەشێوەکان گرینگی (مانا)ی لەدەقدا کەمکردووەتەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە مانا ((پێکهاتەیەکی گرنگی ئەوە و راماڵینی (مانا) دەبێتە مردنی دەقەکان))[ئەلۆەنی، 2012، ل2]. بەمشێوەیە دەقێکی ئەدەبیی تەواو لە یەکگرتن و گونجانی هەردوو لایەنی شێوەیی و ناوەرۆکەوە بەرجەستە دەبێت.

شارەزایانی بواری دەقناسی بەشێوەی جیاواز پێناسەی دەقیان کردووە، بەبۆچوونی (تزفتیان تۆدۆرۆڤ1939-2017)،((دەق بەرهەمێکی زمانییە، بەسەرخۆیدا داخراوە، خاوەن مانای خۆیەتی))[عزام، 2001، ص14]. لە کرۆکی پێناسەکەی تۆدۆرۆڤدا زاڵبوونی لایەنی زمانی هەیە، دەق بەڕووی خۆیدا داخراوەو هیچ پەیوەندییەکی بە دەوروبەرییەوە نییە. لە ڕوانگەی (ژۆلیا کریستیڤا1914- 0000)ی فەڕەنسی و بە ڕەچەڵەک بولگاری، دەقی ئەدەبی ((ئامێرێکی دەربڕینی زمانییە، سیستەمی زمان دووبارە دابەشدەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان وشە پەیوەندیدارەکان، سەرەڕای زانیارییە ڕاستەوخۆکان لە کۆمەڵێک جۆری وشەی پێشوو و هاوکاتی کە لەگەڵیدا پەیوەندی دەبەستێت))[فضل، 2005، ص107]. کریستیڤا لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا جەختی لەسەر لایەنی شێوەیی و ناوەرۆک کردووەتەوە، دەرگایەکی گرینگیشی بەڕووی دەقئاوێزاندا کردووەتەوە. ئەو پێی وایە کە دەقی ئەدەبی سوودمەندە بە وتەو دەقی هاوکات و پێشووی خۆیەوە، ئەمەش گەوهەری دەقئاوێزانە.

دەقی ئەدەبی زۆرجار ((بناغەکەی لەسەر زانین و سۆز و لایەنی دەروونی دادەمەزرێت، بەوەش دەناسرێت کە چوارچێوەیەکی زمانییە بەهۆیەوە ئەدیب دەربڕین لەهەست و سۆزەکانی

دەكات))[تعريف النص الأدبي www.mawdoo3.com]. دەقی ئەدەبی قەبارەیەكی دیاریكراوی نییە، بەڵكو قەبارەو شێوەی جیاوازی هەیە، دەشێت ((ڕستەیەک یان پارچە شیعرێک یان ڕۆمانێک بێت))[الأحمر، 2010، ص140]. سەرەڕای لایەنەكانی شێوەو ناوەڕۆک و قەبارە، ناونیشانیش بەیەکێک لە بناغەكانی دەقی ئەدەبی دادەنرێت و بەهۆیەوە لایەنی واتایی و هێمایی دەقەكە ڕوون دەبێتەوە[فضل، 2005، ص112] و كارئاسانی بۆ خوێنەرو ڕەخنەگرو توێژەران دەكات. سەرەڕای هەبوونی چەند بنچینەكەی دیكەش كە پێویستە لە دەقی ئەدەبیدا هەبن، وەک: (بیر، مانا، ئەندێشە، وێنە، سۆز، شێواز، 000 هتد). دەقی ئەدەبی بەوەش دەناسرێتەوە كە پارچەیەكی نووسراوە، مەبەستی سەرەكیشی جوانییە، سەرەڕای ڕەهەندی هزریش. لە ڕووی ئاستەوەش، دەقی ئەدەبی دوو ئاستی هەیە: ئاستی ئاسۆیی: لێرەدا جەخت لەسەر پێكهاتەی زمانی وشەو ڕستەكان دەكرێتەوە، ئەوەش بە گرینگ دەزانرێت كە پەیوەندییەكی توندو تۆڵیان لەنێواندا هەبێ و گرێدراوی یەكبن و بەهۆیەوە واتایەكی ڕوونیان لێ بەرهەم بێت. ئاستی ستوونی: لێرەدا پەیوەندییە واتاییەكانی گشت پەرەگراف و واتا بچوكەكان یەكدەگرن و بەهەموویان بەشداری لە واتا سەرەكییەكەی دەقەكەدا دەكەن.[عەبدوڵڵا، 2018، ل6-7]. بەمشێوەیە دەگەینە ئەو بڕوایەی كە دەقی ئەدەبی پارچەیەكی چنراوی زمانیی توندوتۆڵە، هەموو بەشەكانی پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، خاوەن ماناو گوتارە، بەشێوەیەكی جوان دەربڕین لە هەست و سۆزو هزری نووسەرەكەی دەكات.

**باسی دووەم: سەرهەڵدانی دەقئاوێزان**

بەرەچاوكردنی چەمكە گشتییەكانی دەقئاوێزان كە خۆی لە چەندین چەمكی گشتی دەبینێتەوە، وەک: (ئاڵوگۆڕی، پەیوەندی، لێوەرگرتن، ئاماژەپێكردن، تێهەڵكێش، بەكارهێنان، كاریگەری، كارتێكردن، ... هتد). یەكێک لەمانە یان زیاترینیان كە بەشداری لە پێكهاتن و سەرهەڵدانی شتێكی نوێدا دەكەن، لەگەڵ ئەو چەمكە جیهانییەدا یەكدەگرێتەوە كە دەڵێت: ((هیچ شتێكی نوێ لەژێر تیشكی ڕۆژدا بوونی نییە، هەموو داهێنانێک بریتییە لەدووبارە بەكارخستنەوەی بیرۆكە كۆنەكان بەشێوەیەكی دیكە، هەموو گێڕانەوەیەكی نوێ، گێڕانەوەی كێشە كۆنەكانە بەشێوەیەكی تازە))[محمود www.goodreads.com]. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە هەموو شتە نوێیەكانی ئێستا بەشێوەیەک لەشێوەكان دووبارەبوونەوە یان چەند بارەبوونەوەی شتێكی پێشووترە بەڵام بەشێوەو شێوازی جیاوازەوە. هەر پەیوەست بەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە هیچ شتێکی نوێ لە ژیاندا بوونێکی تەواوی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەو پاتبوونەوەی بیرو شێوازەکانی پێش خۆیەتی، لەم ڕووەوە ڕەخنەگری ئینگلیزی (ت.س.ئیلیەت 1888-1965) گوتوویەتی ((ماناو ناوەڕۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان کاری هونەریی هیچ دانەرێ، بەتەواوی هی خۆی نییە)).[محەمەد، تشرینی یەکەمی2006، ل9]. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر سوودبینین و پەیوەندیی نێوان شتی کۆن و نوێدا.

سەرهەڵدانی چەمکی دەقئاوێزان پەیوەست نییە بە ساڵێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ڕیشەیەکی کۆنی هەیە. ڕیشە کۆنەکەشی بۆ سەرنج و توێژینەوە ڕەخنەیی و ڕەوانبێژی و بەراوردکارییەکان دەگەڕێتەوە. لە چوارچێوەی ئەم بوارانەدا، بەهۆی زاراوەکانی: (وەرگرتن، پەیوەندی، دزیی ئەدەبی، سوودبینین، تێهەڵکێش، تیلنیشان، کاریگەری، کارتێکردن، ... هتد)، سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی دەقئاوێزان دروستبووە.

سەرەتای دەرکەوتنی لایەنی تیۆریی دەقئاوێزان بەشێوەیەکی سادە بۆ (فۆڕمالیزمە ڕووسییەکان 1910-1930) دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئەوان بەشێوەیەکی بەرچاو جەختیان لەسەر لایەنی شێوەیی دەق دەکردەوەو دەقیان لە کاریگەرییە دەرەکییەکان بەدووردەگرت، بەڵام دواتر تێبینیی ئەوەیان کرد کە ((مێژووی ئەدەب پەیوەندییەکی توندی بە بابەتە ڕەخنەییەکانی دیکەوە هەیە))[الأحمر، 2010، ص143]. یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم ڕەوتە کە (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی 1893-1984)یە، ئەوەی باسکردووە کە ((شاعیران هەندێ تەعبیری خۆیان لە شیعر گەلی پێشوو وەرگرتووە و کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی دوای خۆیان داناوە))[قەرەباغی، 2012/9/5، ل53]. ئەم بۆچوونەی شکلۆڤسکی ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەدیبان سوود لە نەوەکانی پێش خۆیان دەبینن، بەهەمان شێوەش سوود بەنەوەکانی دوای خۆیان دەگەیەنن، ئەمەش تەواو لەگەڵ چەمکی گشتیی دەقئاوێزان تەباو گونجاوە. هەر لە سەردەمی چالاکیی فۆڕمالیزمە ڕووسەکان و لە وڵاتی ئەوانیش، (میخائیل باختین 1895-1975) وەک تیۆرست و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی دەردەکەوێت. باختین ئەندامی فۆڕمالیزمییەکان نەبووە، بەڵکو هاوسەردەمیان بووە. باختین داهێنەری زاراوەی (دەقئاوێزان) نەبووە، بەڵام بەشدارییەکی کارای لە سەرهەڵدانی زاراوەکەدا هەبووە، ئەمەش لەڕێگەی هەردوو زاراوەی (گفتوگۆکاری) و (فرەدەنگی)یەوە کە داهێنراوی ئەون و لە توێژینەوەی لە ڕۆمانەکانی (فیۆدۆر

دستۆیۆڤسکی1821-1881)یەوە بەرجەستەی کردوون. چەمکی ئەم دوو زاراوەیەش دەبنە بنەمایەکی پتەوی سەرهەڵدانی زاراوەو چەمکی (دەقئاویزان) لەلایەن (ژولیا کریستیڤا)وە.

باختین لە کتێبی (شیعریەتی دستۆیۆڤسکی – 1963) چەمکی فرەدەنگی ((دەهێنێتە ناو و زۆرجاریش وای لێکدەدایەوە کە هەر زمانێک کۆمەڵە زمانێکە و بەهەموو لایەکدا خۆی دەبزوێنێ و دەجووڵێنێ .. هەر لەم سەرچاوەیەشدا باختین چەمکی (دیالۆگ) دەهێنێتە ناو، کە بووە یەکێک لە بیرە بنەڕەتییەکانی ئینتەرتێکستوالیتی))[محەمەد، تشرینی یەکەمی 2006، ل10]. ئەم زاراوانەی باختین دواتر دەبنە بنەمایەکی بەهێز بۆ سەرهەڵدانی زاراوەو چەمکی دەقئاوێزان.

سەرهەڵدانی زاراوەی (دەقئاوێزان–التناص - Intertextualite) بۆڕەخنەگری فەرەنسی بە ڕەچەڵەک بولگاری (ژولیا کریستیڤا 1941-0000) دەگەڕێتەوە. ساڵی (1960) گۆڤاری ئەدەبیی (Tel Quel) لە فەرەنسا لەلایەن فیلیب سۆلێر دامەزرا.[عومەر، 2012، ل91]. ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرانی ئەوکات وەک: (میشێل فۆکۆ، ڕۆلان بارت، ژاک دریدا، فیلیپ سولێر، ژۆلیا کریستیڤا) بەرهەمی خۆیان لەم گۆڤارەدا بڵاوکردووەتەوە.[عومەر، 2012، ل92]. کریستیڤا لە ساڵی (1966) بۆ یەکەمجار زاراوەی (دەقئاوێزان) دادەهێنێت و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا بڵاویکردەوە.[قەرەباغی، 2012/9/5، ل54] و [ئەسوەد، 2015، ل189]. بەمشێوەیە زاراوەکە سەریهەڵدا و چووە نێو بواری تیۆرو ڕەخنەی ئەدەبییەوە. کریستیڤا لە بارەی دەقئاوێزانیش ئەوەی گوتووە کە ((هەموو دەقێک مۆزائیئێکە لە وەرگرتنەکان، هەموو دەقێک لە دەقی دیکە دەخواتەوە و گواستنەوەیەکی دەقی دیکەیە))[عزام، 2001، ص30]. دوای ئەوەی زاراوەکە چەسپا، ((لە ساڵی (1976) گۆڤاری (پۆیتیکا) ژمارەیەکی تایبەتی بە دەقئاوێزان بڵاوکردەوە، سێ ساڵ دوای ئەمەش کۆڕبەندنی جیهانی لە بارەی دەقئاوێزانەوە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە ئەمەریکا بەسەرپەستی (میکائیل ڕیڤاتێر) بەستراو کارەکەشیان لە گۆڤاری (ئەدەب) لە ساڵی (1981)دا بڵاوکردەوە)).[عزام، 2001، ص30]. بەمشێوەیە سەرهەڵدان و ڕەگ و ڕیشەی دەقئاوێزان لەڕێگەی چەندین هەوڵەوە بەدیارکەوت و دواتر لە چوارچێوەی زاراوەیەکی تۆکمەدا جێگیربوو.

چەمکی گشتیی دەقئاوێزان لە ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی نوێی نییە، لە سەرنج و توێژینەوە ڕەخنەیی و ڕەوانبێژی و بەراوردکارییەکاندا لە ڕێگەی زاراوەی دیکەوە هەبووە. بەکارهێنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەمجاری زاراوەکەش، بۆ نووسەر (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) دەگەڕێتەوە کە لە وتارێکی خۆیدا بە ناوی (دەق ئاوێزان و نوێگەرێتی ئەدەبیمان) لە ژمارە (3) گۆڤاری (ئێستا) لە شوباتی 1997، بڵاویکردووەتەوە. لە دوای ساڵی 1997، مەیدانی توێژینەوەی دەقئاوێزان لە ئەدەبی کوردیدا فراوان دەبێت، چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی و ڕەخنەیی تۆکمە و بەپێز دەنووسرێن و ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند دەکەن.

**باسی سێیەم: پێناسە و چەمکی دەقئاوێزان**

بەشێوەیەکی گشتی زاراوەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان لەسەر یەک پێناسەو چەمک ناوەستن، بەڵکو چەندین پێناسەو چەمکی جیاواز لەخۆدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی پێناسەکانەوە دەتوانرێت تا ڕادەیەکی باش لە ناسینی زاراوەکە نزیک ببینینەوە.

دەقئاوێزان زاراوەیەکی ئەدەبییە، لە سەرهەڵدان و ڕەگ و ڕیشەیەوە، تاوەکو دەبێتە زاراوەیەکی جێگیرو تۆکمە، پێناسەو چەمکی جیاوازی لێکەوتووەتەوە، هەوڵدەدەین هەندێکیان بخەینەڕوو:

چەمکی گشتیی دەقئاوێزان زۆر کۆنە، لەوکاتەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا باس و خواسی لاسایی کردنەوەو سوودلێوەرگرتن و پەیوەندی و کاریگەری و کارتێکردن و دزیی ئەدەبیی و 000 هتد، هاتوونەتە گۆڕێ، بەشێوەیەک لەشێوەکان باسکردنی دەقئاوێزانیشە، چونکە دەقئاوێزان چەمکی ئەم زاراوانەو چەمکی زاراوەی دیکەش لەخۆدەگرێت. سەرەتای تیۆریی زاراوەکە دوور لە سەرهەڵدانی زاراوەکە بۆ تیۆرست و ڕەخنەگری ڕووسی (میخائیل باختین) دەگەڕێتەوە. باختین لە ڕێگەی هەردوو زاراوەی (گفتوگۆکاری) و (فرەدەنگی)یەوە، بنەمای دەقئاوێزانی داناوە. باختین ئەوەی باسکردووە کە ((هەموو تێکستێک دەکەوێتە ئەو شوێنەی کە کۆمەڵێک تێکستی تر بەیەک دەگەن)).[عومەر، 2012، ل92]. لێرەدا باختین ڕاستەوخۆ پێناسەی دەقئاوێزانی نەکردووە، بەڵام لە ناوەخنی ئەم دەربڕینەیدا بەئاشکرا هەست بە پەیوەندی و کاریگەری و کارتێکردن دەکەین، ئەمانەش لەگەڵ گیانی دەقئاوێزاندا گونجاون.

لە ڕوانگەی ڕەخنەگری فەرەنسی (ڕۆڵان بارت)ەوە، دەقئاوێزان چارەنووسی هەموو دەقێکە، ئەو بەئاشکرا دەڵێت ((هەموو دەقێک دەقئاوێزانە، دەقی دیکە بەئاستی جیا بەشداریی تێدا دەکەن، ئاشنایەتیان بەدەقی ڕۆشنبیری پێشوو و ئێستا دەبێت، هەموو دەقێک بریتییە لە چنینێکی نوێ لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەرگرتنەکانی پێشوو))[بارت، 2014، ص95]. لێرەدا بارت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ دەقێک نییە سوودی لە دەقی پێشووی وەرنەگرتبێت، بۆیە دەقئاوێزان بە چارەنووسی دەق دادەنێت و دەقی پێشوو لە چنینی دەقی ئیستادا بەشدارە. لەلای ڕەخنەگری ئەمەریکی بەڕەگەز فەرەنسی (میکائیل ڕیڤاتێر 1924-2006)ەوە، دەقئاویزان پەیوەستە بە خوێنەرەوە، ڕیڤاتێر ئەوە ڕادەگەیەنێت کە دەقئاوێزان ((هۆشیاریی خوێنەرە بۆ پەیوەندی نێوان دەق و دەقی دیکە کە پێشی دەکەوێت یان هاوسەردەمێتی))[بقشی، 2007، ص20]. ڕیڤاتێر هەبوونی دەقئاوێزان پشت ڕاستدەکاتەوە، ئەم هەبوونەش بۆ هۆشیاری و ڕۆشنبیریی خوێنەرەوە دەگەڕێنێتەوە و پێی وایە خوێنەر چەندە هۆشیاربێت و ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزبێت، هەبوونی دەقێک یان بەشێکی دەقێک یان ئاماژەی دەقێک لە دەقێکی دیکەدا باشتر دەدۆزێتەوە.

لە ڕوانینی ژولیا کریستیڤا، کە زاراوەی دەقئاوێزان لەسەر دەستی ئەو داهێنرا، ئەو لە دەقەوە بۆ دەقئاوێزان دەچێت. پێناسەی ئەو بۆ دەق هاوکاتە لەگەڵ پێناسەی بۆ دەقئاوێزان. سروشتی دەق لەلای ئەو سروشتێکی دەقئاوێزانییە. کریستیڤا بەڕوونی دەڵێت ((دەق لەسەر خۆی ناوەستێت، بەڵکو کۆمەڵێک یەکتربڕی دیکەیە، لێیان هەڵدەمژێت و تێکەڵی بونیادەکەی دەبێت، بەهۆیەوە هەموو دەقێک وەک مۆزائیکێکە لە لێوەرگرتنەکان، هەموو دەقێک هەڵمژین و گوێزانەوەی دەقێکی دیکەیە)).[الأحمر، 2010، ص145-146]. ئەم پێناسەیەی کریستیڤا ڕەتکردنەوەی بۆچوونی بونیادگەرەکانە کە پێیان وابوو دەق بەسەر خۆیدا داخراوەو لە هەموو هۆکارێکی دەوروبەری دابڕاوە، تەنانەت لە نووسەرەکەشیان دووردەخستەوە، بەڵام کریستیڤا دەق بەڕووی نووسەرو دەوروبەرەکەی دەکاتەوە، ئەو بەشێوەیەکی گشتگیر ڕایدەگەیەنێت کە هەموو دەقێک سوود لە دەقی پێشووی و هاوکاتی خۆی وەردەگرێت، بۆیە دەقئاوێزان لەلای کریستیڤاوە شێوەیەکی کۆنکریتی هەیە.

پسپۆڕانی کوردیش ئاوڕیان لە ناساندنی دەقئاوێزاندا داوەتەوە. (د. موحسین ئەحمەد عومەر) لە ناساندنێکی هەمەلایەندا سەبارەت بە دەقئاوێزان دەڵێت: ((بریتییە لە ڕەگەزێکی دروستکەر لە ئەدەب، هیچ تێکستێک ناشێ سەربەخۆ بێ بوونی کاریگەری تێکستی پێش خۆی لەدایک بێ، هەموو تێکستێک کەمو زۆر، بەشێوەیەکی شاراوە، یان دیار شون و یاداشت و میرات و نەریتی تێکستەکانی پێش خۆی لەسەرە))[عومەر، 2012، ل95]. (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان) لە ناساندنێکی پێکهاتەی زمانییدا دەڵێت

((دەقئاوێزان بەواتای: باوەش پێداکردن دێ کە دەقێک دەقێکی دیکە لەباوەش دەگرێت بۆ دروستکردنی دەقێکی نوێ))[شوان، 2014، ل105]. (د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)یش هەشت پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەقئاوێزان دەستنیشان کردووە، لە یەکێکیاندا دەڵێت ((لەدایکبوونی تێکست لە منداڵدانی تێکستەکانی دییەوە))[ئەسوەد، 2015، ل191]. هەموو ئەو پێناسانانە ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و شارەزایی خاوەنەکانیانە، هەمووشیان لە پێناسە گشتییەکانی دەقئاوێزاندا بەدوورنین. چەمکی دەقئاوێزان چەمکێکی نوێ نییە، لە ڕەخنەی زۆربەی میللەتاندا بەشێوەی جیاواز هەستی پێدەکرێت، بەدرێژایی ڕۆژگارو پەیدابوون و گۆڕانی زاراوە جۆربەجۆرەکان، پسپۆڕییەتی و تایبەتمەندیی پەیدابووە، دەقئاوێزانیش وەکو زاراوەیەکی سەربەخۆی تۆکمە جێگیربووە، سوودی لە چەمکەکانی پێشوو وەرگرتووە، لەهەمانکاتیشدا ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆشی هەیە. بەشێوەیەکی گشتیی چەمکی دەقئاوێزان لە پێناسە جۆربەجۆرەکانی دەقئاوێزاندا بەدوور نییە، چەمکەکە ((بەمانای ئەوە دێت کە دەقێکی ڕەسەن لەبواری ئەدەب یان ڕەخنە یان زانستدا هەیە، ئەو دەقەش پەیوەندی بەدەقی دیکەوە هەیە، ئەم دەقانەش بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەتێپەڕینی کات کاریگەرییان بەسەر دەقە ڕەسەنەکەدا هەبووە))[حجازي، بدون سنة الطبع، ص109-110]. لێرەدا گرینگی پەیوەندی لە کردەی دەقئاوێزاندا دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکە چەمکی دەقئاوێزان ((وەک چەمکێکی ڕەخنەیی دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکا کە تێکستێک (دەق)، هەر تێکستێک دەیگری، ئەنجامی کۆمەڵێک تێکستی ترە، هەموو تێکستێک کۆمەڵێک تێکستی تری لەخۆی گرتووە، لە ئەنجامی تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی ناوەکی وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەرهەم هێنانی تێکستێک، کۆمەڵێک تێکست دەبنە هۆی دروستبوونی تێکستی تر))[عومەر، 2012، ل91]. لە کرۆکی ئەم چەمکەشدا لایەنی ڕەنگدانەوەو کاریگەری دەقێک بەسەر دەقێکی دیکەدا باسکراوە، سەرەڕای ئەوەی کە هەر دەقێک لە ئەنجامی سوودوەرگرتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەقی دیکەوە لەدایکدەبێت.

### باسی چوارەم: جۆر و تەکنیکەکانی دەقئاوێزان

لەبەر دەوڵەمەندی و چالاکی کردەی نووسینی دەق و ئەو لق و پۆپانەی کە لە دەق دەبنەوەو تێکەڵ بە بوارەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبن؛ تیۆرست و شارەزایانی بواری دەقئاوێزان چەند جۆرێکی دەقئاوێزانیان دیارکردووە، ژولیا کریستیڤا سێ جۆر دەقئاوێزانی دیارکردووە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1/ نەرێی گشتی: لەمەیاندا دەقی وەرگیراو بەگشتی نەرێكراوە، واتای دەقی بنەڕەت هەڵگێڕاوەتەوە و پێچەوانەیە.

2/ نەرێی یەكسان: لەمەیاندا واتای لۆژیكی هەردوو بەرهەمەكە وەك یەكن، ئەو دەقەی كە بابەتەكەی لە دەقی بنەڕەت وەرگرتووە بەهیچ شێوەیەك واتایەكی تازەی زیادنەكردووە.

3/ نەرێی بەشەكی: لەمەیاندا بەشێك لە دەقی بنەڕەت پێچەوانەیە یان نەرێكراوە.[كریستیفا، 1997، ص78-79].

ژیرار ژینێتیش پێنج جۆری دەقئاوێزانی دەستنیشان كردووە، وەك:

1/ دەقئاوێزان Intertextualite: ئەمە بریتییە لە ئامادەگییەكی تەواوی دەقێك لە دەقێكی دیكەدا، هەروەها شێوە جۆربەجۆرەكانی وەك: (ئاماژەكردن) كە لە هەموویان ڕوونترە، (وەرگرتنی شاراوە) كە زۆرجار دزیی پێ دەگوترێت، لەگەڵ (تیلنیشان) كە ئەمەیان زۆر شاراوەیە.

2/ دەقی هاوشان Paratextualite: ئەمەیان پەیوەستەبە پەیوەندی نێوان دەق و دەوروبەرە دەقییەكەیەوە، ئینجا ڕاستەوخۆبێت لە هەمان كتێبدا، یاخود ناڕاستەوخۆبێت لە دەرەوەی كتێبەكە. ئەم جۆرەیان لەم بەشانە پێكدێت: ناونیشانەكان، پێشەكییەكان، پێشكەشكردن، ئاگاداركردنەوەكان، پەراوێزو كورتە دەقی دیكە كە بە پێنووسی نووسەرەكە یان كەسانی دیكەوە نووسرابێت.

3/ میتادەق یاخود دەقی وەسفكار Metatextualite: ئەمە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان دەق و ئەو دەقانەی كە لە بارەیانەوە دەدوێت، ئەمە بواری پەیوەندییە ڕەخنەییەكانە.

4/ دەقی پێش Hypertextualite: ئەمەیان تایبەتمەندە بە پەیوەندی نێوان دەق و دەقێكی دیكە كە لە پێش ئەوە، ئەمەش بەهۆی لاسایی كردنەوەو گوێزانەوەیە.

5/ دەقی گشتگیر Architextualite: ئەمەیان بایەخ بە جۆرە ئەدەبییەكان دەدات، وەك: شیعر، چیرۆك، ڕۆمان000 هتد.[القاضي، 2010، ص115-116].

ڕەخنەگری ناسراوی عەرەب (سەعید یەقتین) كە بۆ دەقئاوێزان كارلێكی دەقی بەكاردەهێنێت، پێی وایە كە كارلێكی دەقی سێ جۆری هەیە: (دەقئاوێزان، میتادەق، دەقی هاوشان). ئەوەش ڕادەگەیەنێت كە كارلێكی دەقی سێ شێوەی هەیە: خودی، كە لەنێو دەقەكانی نووسەرێكدا دەبێت. ناوخۆیی، كە لە نێوان دەقەكانی نووسەرێك و دەقی هاوسەردەمەكانی دەبێت. دەرەكی، كە لەنێوان دەقی نووسەرێك

و دەقەکانی پێشوودا دەبێت.[یقطین، 2001، ص100]. (محەمەد مفتاح)یش دەقئاوێزان دابەشی دوو جۆر دەکات: ناوخۆیی و دەرەکی. یەکەم لەنێوان بەرهەمەکانی نووسەرەکە دەبێت، دووەمیش لەنێوان بەرهەمی خۆی و کەسانی دیکەوە دەبێت.[مفتاح، 1992، ص124-125]. ئێمەش لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر دابەشکراییەکەی (محەمەد مفتاح) کردووە و تەنیاش کارمان بەجۆری (دەقئاوێزانی ئەدەبی)کردووە کە لە پاڵ دەقئاوێزانی: (مێژوویی، ڕامیاری، ئاینی, ... هتد)، بەشێکی سەرەکیی دەقئاوێزانی دەرەکییە، لێرەشدا گرینگترین وەرگرتنە ئەدەبییەکانمان دەستنیشان کردووە کە چیرۆکنووس بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە ئاگایی و نائاگاییەوە لە چیرۆکەکانیدا بەکاریهێناون. مەبەستیشمان لە دەقئاوێزانی ئەدەبی، ئەدەبی هونەری یان ئەدەبی نووسراوە کە خاوەنەکەی دیارە، نەوەک ئەدەبی فۆلکلۆری. وەرگرتنەکانیش خۆیان لە بەشێکی دەقێک یان ناوی ئەدیبێک یان ناوی بەرهەمێکی ئەدەبی دەبیننەوە کە تێکهەڵکێشی چیرۆکەکانی بوونە. لەم ڕێگەیەشەوە ویستوومانە تەکنیککاری و ئاستی ڕۆشنبیریی چیرۆکنووس لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقئاوێزانی ئەدەبیدا دیاربکەین.

تەکنیکەکانی دەقئاوێزان، ئەو ڕێگاو تەکنیکانەیە کە نووسەران لە چونیەتی سوودوەرگرتن و پەیوەندی و ئاماژەکردن و بەکارهێنانی ئاماژەیەک، یان بەشێک لە دەقێک، یان دەقێکی تەواو لە دەقی خۆیاندا بەکاریدەهێنن. لەم چوارچێوەیەدا زۆر لە توێژەرو ڕەخنەگران (یاساکانی دەقئاوێزان) یان (میکانیزمەکانی دەقئاوێزان) بەکاردەهێنن، ئێمە تەکنیکەکانی دەقئاوێزانمان بەکارهێناوە، بە گونجاو و لەبارمان زانیوە.

ڕەخنەگری ناسراوی مەغریبی (محەمەد بەنیس)، پێی وایە کە دەقئاوێزان بەسێ تەکنیک (میکانیزم) جێبەجێ دەبێت، ئەوانیش: ((جوینەوە، هەڵمژین، گفتوگۆ))یە.[بنیس، 1979، ص253]. بێگومان تەکنیکی دیکەش هەیە، لێرەدا بەشێوەیەکی کورت باس لەم سێ جۆرەیان دەکەین:

1/ جوینەوە (الاجترار): لەم جۆرەدا نووسەر وتەیەک یان ئاماژەیەک یان دێرە شیعرێک یان بەشێک لە دەقێک وەردەگرێت و بەدەستکارییەکی کەمەوە لە دەقەکەی خۆیدا بڵاوی دەکاتەوە. لێرەدا نووسەر بەشێوەیەکی گشتی مامەڵە لەگەڵ دەقی وەرگیراودا دەکات ((بەهەمان ئەو شێوەیەی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە)).[عزام، 2001، ص53]. ئەم تەکنیکە چێژێکی نوێ بەخوێنەر نابەخشێت، بەڵکو جوینەوەی شتە کۆنەکەیە بەدەستکاریی کردنێکی کەمەوە. تەکنیکێکی بەرزنییە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دەق.

2/ هەڵمژین (الامتصاص): ئەم جۆرەیان لەڕووی هونەری و چێژو دروستکردنی شێوەیەکی نوێی واتاوە، لەجۆری جوینەوە بەرزترە. لەم جۆرەدا ((نووسەر بە گرینگییەوە لە دەقی سەرچاوە دەڕوانێت و هەڵمژینی بەپێویست دەزانێت بۆ دووبارەکردنەوەی وەکو دەقێکی نوێ))[عزام، 2001، ص53]. لێرەدا نووسەری دەقێک بەهۆی وەرگرتن و کورتکردنەوەو گۆڕینەوە ئاماژەیەک یان بەشێک یان بەشێکی زۆر لە دەقێک هەڵدەمژیت و دووبارە بە گۆڕانکارییەوە دایدەڕێژێتەوە.

3/ گفتوگۆ (الحوار): ئەم جۆرەیان لە هەردوو جۆرەکەی دیکە بەرزترە، پەیوەستە بە شارەزایی و خوێندنەوەیەکی هۆشیارییانەی قووڵەوە، دەقی تازە تێکەڵی بنیادی دەقەکانی پێشوو و سەردەمی خۆی دەبێت، یان تێکەڵاوی بابەتە کلتوورییەکان دەبێت. دەقی نادیارو بەرهەمهاتوو لەژێر ڕۆشنایی یاسا هۆشیاری و ناهۆشیارییەکاندا کارلێک دەکەن.[عزام، 2001، ص54].

## تەوەری دووەم: دەقئاوێزانی ئەدەبی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا

لەم تەوەردا بەپێی ماوەی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکانی چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح)، دەقئاوێزانانە ئەدەبییەکان لە چیرۆکەکانی ناوبراودا دەستنیشان دەکەین و گرینگترین ئەو تەکنیکانەش دەخەینەڕوو کە چیرۆکنووس بەکاریهێناون.

### باسی یەکەم: ماوەی 1983 - 1987

ئارام کاکەی فەلاح لەم ماوەیەدا پێنج چیرۆکی کە بریتین لە (تابلۆ، خەونەکان سەوزدەبن، خەمێکی گەش، هەڵوێست، چاوە ڕەشەکانی ڕۆژە)، لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردووەتەوە. ئەمانە نەبوونەتە کۆمەڵە چیرۆکێکی سەربەخۆ، هەر بەشێوەی چیرۆکی بڵاوکراوە ماونەتەوە. لێرەو لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی داهاتووش، تەنیا باسی ئەو چیرۆکانە دەکەین کە دەقئاوێزانی ئەدەبیمان تێدا بەدی کردوون، ئەو چیرۆکانەشی دەقئاوێزانی ئەدەبیمان تێدا بەدی نەکردوون، تەنیا لە چوارچێوەی ماوەو کۆمەڵە چیرۆکەکەیدا ناومان هێناوە.

چیرۆکی (تابلۆ) باسی کوڕێک بە ناوی (هیوا) دەکات. هیوا شەوێک خەون بە تابلۆیەکی سەیر دەبینێت، تابلۆکە لە گوڵێک پێکهاتووە، چەند گرێیەکی لێدراوە، نرخی تابلۆیەکەش زۆر بەرزە، ئەوەی بتوانێت گرێیەکان بکاتەوە، دەبێتە خاوەنی تابلۆکە. تەنیا ئەو کەسانەش دەتوانن گرێیەکە بکەنەوە کە بچنە ناو تابلۆیەکە، بەڵام ئەوەی بچووبایە ناوی، نەدەهاتە دەرەوە.

لەم چیرۆکەدا لە ڕووی دەقئاوێزانی ئەدەبییەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کەسێک دەچێتە ناو تابلۆیەکەو هەموو گیانی گرێدەدرێت، تەنیا سەری نەبێت، لەم بارەشدا پێدەکەنێت، هیواش لە دیتنی ئەم دیمەنەدا دەڵێت: ((لەم ساتە ناهەموارەدا پێکەنین بەمانای چی یە؟ لە کاتێکدا هەموو تەمەن بەشی ئەو ئازارە زۆرە ناکات کە لە لەشی ئەو تابلۆیەدا بریشک دەسەنێ)).[کاکەی فەلاح، 1983/1/20]. لەم وەرگرتنەدا سەرنجمان بۆ بەشێک لە شیعرێکی ئینگلیزی بەناوی (وەرە، با بیدۆزینەوە. Come, let us find)ی شاعیر (ویلیام هێنری داڤیس 1871-1940. William henry devies) دەچێت کە لە بەشێکی شیعرەکەدا دەڵێت: ((زۆر سەیرە چۆن پیاوان فریای ڕق لێبوونەوە دەکەون، لە کاتێکدا ژیان بۆ خۆشەویستی زۆر کورتە)).[www.poemhunter.com]. ئەم بەشەی شیعرەکە ماوەیەکی زۆرە لەناوخەکڵدا بەشێوەی جیاواز هەیە، ئارامیش سوودی لێبینیوەو بەتەکنیکی هەڵمژین بیرە سەرەکییەکەی داڕشتووەتەوەو دەقئاوێزانیکی ئەدەبی دروستبووە.

چیرۆکی (هەڵوێست) باسی کوڕێک بەناوی (فەرهاد)دەکات، شیعریش دەنووسێت، ڕۆژێک لە زانکۆ دەچێتە پێشانگایەکی شێوەکاری و لەوێش کچێک بەناوی (شیرین) دەناسێت کە تابلۆیەکان لەلایەن ئەوەوە کێشراون. دوای ماوەیەک پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروستدەبێت، دواتر ساردی دەکەوێتە نێوانیان، شیرین لە فەرهاد زوێر دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە فەرهاد تابلۆکانی شیرینی بەدڵ نییە و پێی وایە تابلۆکانی نوقمی خەمن و لاوازیی مرۆڤ نیشان دەدەن. ماوەی چوار مانگ لێکدادەبڕێن، نە فەرهاد شیعرێکی پێ دەنووسرێت و نە شیرینیش تابلۆیەک دەکێشێت. کۆتایی چیرۆکەکەش بیرکردنەوەی فەرهادە لە شیرین و خەمی لەدەستدانییەتی. فەرهاد کە مرۆڤی ناو تابلۆکانی شیرینی بەدڵ نییە و پێی وایە لاوازی و بێ توانایی مرۆڤ دەردەخەن، ئامۆژگاری شیرین دەکات پێویستە چەشنی پاڵەوانی ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا) وێنەی مرۆڤ بکێشێت.[ل58]. ڕۆمانی (پیرەمێردو زەریا) لەلایەن نووسەری ئەمریکی (ئەرنست هێمنگوای 1899-1961)نووسراوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیرەمێردەکەی ئەم ڕۆمانە لە پیریشدا ئەو پەڕی ورەو توانای مرۆڤ پیشاندەدات. سەرکێشیی دەکات و توانای لەڕادەبەدەری مرۆڤ لە پیریشدا نیشاندەدات، بەتایبەتی لە ڕاوکردنی ماسییەکی گەورە لەناو قووڵایی زەریادا.[هێمنگوای، 1982، ل10-135]. چیرۆکنووس تەنیا ئاماژەی بەناوی ڕۆمانەکە کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی جوان بۆ لێکچواندن بەکاریهێناوە. هەر لەلاپەڕە (58)دا، فەرهاد نوقمی خەیاڵی شیرین بووە، وا خۆی دێنێتە پێشچاو دەڵێی ڕۆمانێکی (ئیتماتوف) دەخوێنیتەوە. لێرەدا مەبەست لە ڕۆماننوسی ڕووسی (جەنگیز ئیتماتوف 1928-2007)ە. ئەم ڕۆماننووسە چەند ڕۆمانێکی هەیە، لەوانە: (جەمیلە، کاتێک چیاکان دادەڕمێن، کاسندرا، شاخی سەگە بەڵەک، یەکەم مامۆستا، کەشتییە سپییەکە).[www.wikipedia.org]. بێگومان ڕۆمانی (جەمیلە) ناوبانگێکی زۆری هەیەو کراوەتە کوردی و بابەتی سەرەکیشی خۆشەویستی و توانای مرۆڤە. ئەم دەقئاوێزانە بەهۆی ئاماژەکردنەوە دروستبووەو جوینەوەیەکی سادەیە.

چیرۆکی (چاوە ڕەشەکانی ڕۆژە) باسی کوڕێک دەکات ناوی (بەختیار)ە، لە زانکۆی موسڵ قوتابییەو شێوەکاریشە. سەرەتای چیرۆکەکە بەختیار لەناو پاسێکدایە و دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، لەم کاتەدا خەیاڵی دەڕوات و بیر لە هەژاریی خێزانەکەیان و باوکە نەخۆش و دایکە داماوەکەی دەکاتەوە، دواتر دێتە سەر خەیاڵی (ڕۆژە)ی خۆشەویستی کە ئەویش قوتابی زانکۆی موسڵە. بەختیار بە فلاش باگ لەگەڵ ڕۆژە دەکەونە گفتوگۆ و بیرکردنەوە و باسکردنی ڕۆژانەی زانکۆ و ژیانی داهاتوویان. بەختیار باسی ئەوەی دەکات لەم نزیکانە پێشانگایەکی شێوەکاریی دەکاتەوەو لەبەر خاتری چاوە ڕەشەکانی ڕۆژە، زۆربەی تابلۆکانی بەڕەنگی ڕەش کێشاون. کۆتایی چیرۆکەکەش گەیشتنی پاسەکەیە بە سەرچنار و بەختیاریش نوقمی خەیاڵی ڕۆژە بووە.

بەختیار باسی تابلۆکانی بۆ ڕۆژە دەکات، لە شوینێکدا دەڵێت: ((ڕۆژە گیان! ئەبێ تابلۆکانم بکەمە (سەنتوری یەکەی زۆربا) تا بە سەربەستی یەکی تەواوە ئاوازێکی هێمن و خەفەت بار بخولقێنم))[کاکەی فەلاح، تەمموزی1987، ل89]. لێرەدا ئاماژە بە ڕۆمانی (زۆربا)ی نووسەری یۆنانی (نیکۆس کازانتزاکیس 1885-1957)کراوە. زۆربا کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، کەسێکی پڕ لە چالاکی و وزەی خۆڕسک و سروشتییە، دوورە لە هەموو ڕازاندنەوەیەکی درۆیانە، کۆمەڵێک بەهرەیهەیە، یەکێک لەوانەیە مۆسیقاژەنینە. ئامێری (ماندۆلینMandoline) دەژەنێت.[کازانتزاکیس،

2003، ل237]. ماندۆلین ئامێرێکی مۆسیقیی ژێدارە. لە چیرۆکەکەی ئارامدا ئامێرەکە بووەتە (سەنتور)، بێگومان سەنتور و ماندۆلین دوو ئامێری مۆسیقیی جیاوازن. ئەم دەقئاوێزانە لە ڕێگەی ئاماژەکردنەوە دروستبووە کە بەختیار ویستوویەتی خۆی بە زۆربای یۆنانی بچوێنێت و گڕی عەشقی بۆ ڕۆژە بەدیاربخات. لە دەقئاوێزانێکی ئەدەبیی دیکەدا، بەختیار بە ڕۆژە دەڵێت: ((ڕۆژە گیان! ئەبێ تابلۆکانم بکەمە (کان کان)ەکەی ئەمادۆ، وەک هەرچۆن ئەو پشتی لە لوت بەرزو گیرفان پڕەکان کردو لەگەڵ هەژارو ماسی گرە توڕدراوەکانا گۆرانی ئەوت و ئەگریا و پێ ئەکەنی، منیش ئەبێ لوتی ئەو کوڕو کچە لوت بەرزو دەرون بۆرژوایانە بشکێنم و ڕیسوایان بکەم)).[ل89]. لەم وەرگرتنەدا (کان کان)ی ئەمادۆ بەرچاو دەکەوێت، ئەم (کان کان)ە بریتییە لە کەسی سەرەکیی ڕۆمانی (کانکانی مەلەزان کە دووجار مرد)ی ڕۆماننووسی بەڕازیلی (جۆرج ئەمادۆ 1912-2001). کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکە ناوی (خواکیم سوارێس دی کۆنیا)یە، بە کانکانی مەلەزان ناسراوە، ئەو کەسە بەبێ هیچ هۆکارێک ژیانی خێزانی و ئارامیی خۆی بەجێدەهێڵێت و تێکەڵ بە ژیانی سەرخۆش و دەرەبەدرو بێ پەناگاکان دەبێت. پشت لە هەموو خۆشییەکی ژیان دەکات و ژیانی سادەی سەرخۆش و دەربەدەران هەڵدەبژێرێت.[أمادو، 1979، ص47-132]. ئەم دەقئاوێزانەش وەکو نموونەکەی پێشوو بەشێوەی ئاماژەکردن بووە، چیرۆکنووس ویستوویەتی بەهۆی تابلۆکانی لوتی بەرزی قوتابییە لەخۆڕازی و لوتبەرزەکان بشکێنێت. لە شوێنێکی دیکەدا بەختیار سەبارەت بە ڕۆژە دەڵێت: ((ئای کە چەند حەز بە شیعرەکانی مامۆستا (گۆران) ئەکەیت، کە (دەروێش عەبدوڵلا)ت بۆ ئەخوێنمەوە چی ئەکەی)).[ل90]. لێرەدا ئاماژە بە شاعیری ناسراوی کورد (گۆران 1904-1962) کراوە، ئەمەش لە ڕێگەی شیعرە بەناوبانگەی (دەروێش عەبدوڵلا)وە کە دێڕێ یەکەمی شیعرەکە بەمشێوەیە:

بەڕەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش

حەزم کرد بەستەیەک بییەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ، [گۆران، 1980، ل119]

گۆران خۆی لە هەمان لاپەڕەی شیعرەکەدا نووسیویەتی: ((دەروێش عەبدوڵلا شمشاڵ ژەنێکی بەهرەدار بوو، چارەکە چەرخێک لەمەوبەر دیومە. زۆرتر لە هەورامان ئەژیا)). ئەم دەقئاوێزانە ئەدەبییەش هەر بەهۆی ئاماژەکردنەوە بە ناوی گۆرانی شاعیر و شیعری دەروێش عەبدوڵلاوەو هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕگەو پارچەیەکی شیعرەکە تێکەڵی چیرۆکەکە نەکراوەو جوینەوەیەکی سادەیە. هەرسێ دەقئاوێزانە ئەدەبییەکەی ئەم چیرۆکە لەڕووی گیانی هونەری گۆرانی و مۆسیقاوە، هاوبەشییان هەیە.

**باسی دووەم: ماوەی 1991 - 1998**

لەم ماوەیەدا ئارام کاکەی فەلاح دوو کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

1/ کۆمەڵە چیرۆکی (زێراب - 1991)

لە شەش چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (زێراب، دۆزینەوە، ڕێگایەکی تر بۆ عەشق، سڕبوون، ئەفسانەی مەرگ، تارمایی نێو پەنجەرەکە)، تەنیا باسی ئەو چیرۆکانە دەکەین کە دەقئاوێزانی ئەدەبیمان تێدا بەدی کردوون.

چیرۆکی (ڕێگایەکی تر بۆ عەشق) باسی کوڕێک دەکات لە سەربازی هەڵاتووەو لە شاری خۆیان هاتووەتە دێیەک و ماوەی چوار ساڵە لەو دێیەدا خۆی شاردووەتەوە، ناوەناوە دایکی لە شارەوە سەردانی دەکات، هەر جارێکیش کە دێتە لای هەواڵی گرتن و لێدان و کوشتاری بۆ دەهێنێت، سەرەڕای ئەو نامانەی لەلایەن هاوڕێیانی بۆی دەنووسرێت، بەلای کوڕەکەش گرینگترین نامەش نامەی (نازەنین)ی دولبەریەتی، ماوەی سێ چوار مانگە نامەی نازەنین نایەت، دایکی هەر جارێک بیانوویەک دەهێنێتەوە، جارێک دەڵێ سەرقاڵە و ناتوانێ نامە بنووسێت، جارێک دەڵێ لە خۆپیشاندانەکاندا کێبل بەردەستی کەوتووەو چەند پەنجەیەکی لەجێ چووەو نامەی پێ نانووسرێت، جارێک دەڵێ گوللە بەر دەستی ڕاستی کەوتووە بۆیە نامەت بۆ نانووسێت، کوڕەش لەیەک کاتدا دڵتەنگ و دڵخۆشە، چونکە نازەنین بووەتە شۆڕشگێڕ.[کاکەی فەلاح، 1991، ل26]. لەو کاتەی کوڕە دەزانێ نازەنین دەستی ڕاستی پێکراوەو ناتوانێ نامەی پێ بنووسێت، داوای لێدەکات بەدەستی چەپی نامەی بۆ بنووسێت، ئەگەر بەمەش نەیتوانی ئەوە ((پەنجەی قاچەکانت فێربکە)).[ل30]. ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە دەبێ لەم سەردەمە تاریکەدا ڕێگایەکی تر بۆ عەشق بدۆزینەوە، ئەم سەردەمەشی بە (سەردەمی کۆلێرا) ناوبردووە. مەبەست لە سەردەمی کۆلێرا، ئاماژەیە بە ڕۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا)ی ڕۆماننووسی کۆلۆمبی (گابرێل گارسیا مارکیز 1927-2014) کە لە ساڵی 1984 نووسیویەتی. ئەم ڕۆمانە باسی پەیوەندی خۆشەویستیی نێوان فێرمینا داسا و فلۆرینتۆیە، ئەم دووانە لە تەمەنی گەنجێتیان تاوەکو دەگەنە سەرووی حەفتا ساڵیش ئاشقی یەکتربوونە، لەبەر جیاوازی چینایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەیەکتر دووردەخرێنەوە، بەڵام ئەوان بەچەندین ڕێگەی جیاواز وەک نامە و تەلەفۆن و بروسکە، پەیوەندی خۆشەویستیان بەردەوام دەبێت، هەر ڕێگەیەکیان لێبگیرێت، ڕێگەیەکی تر دەدۆزنەوە.[مارکیز، 2008، ل7-577]. کورەکەش چەشنی دوو دڵدارەکەی ڕۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا) داوا لە نازەنین دەکات ڕێگاو شێوازی جیاواز بۆ نووسینی نامە بدۆزێتەوە کە هۆی درێژەدانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی خۆشەویستییانە. ئەم دەقئاوێزانە بەشێوەی کورتکردنەوەی ناوی ڕۆمانەکە کراوە، دەچێتە چوارچێوەی ئاماژەکردن و جوینەوە.

چیرۆکی (تارمایی نێو پەنجەرەکە) باسی هونەرمەندێکی شێوەکار دەکات کە خەریکی تابلۆکێشانە، تابلۆیەکەش باسی ئێوارەیەک دەکات، دەنگێکی نهێنیش پێی دەڵێت هەرگیز ئەم تابلۆیەت پێ تەواوناکرێت، هونەرمەندەکەش لە بارێکی نیگەرانی و شپرزەیی دایە، لە هەوڵی بەردەوام دایە، لەگەڵ دایک و باوکی بەخەیاڵ دەکەوێتە گفتوگۆ، چەندین ڕووداوی کۆن دێتەوە یادی. لەدوای تەواوکردنی تابلۆیەکەش، خۆشییەک دێتە دەروونییەوە.[ل48]. لەو کاتەی دەنگە نهێنییەکە پێی دەڵێت ناتوانیت تابلۆیەکە تەواو بکەیت، هونەرمەندەکە خۆی بە (دۆن کیشۆت) دەچوێنێت، دۆن کیشۆت ناوی بەرهەمە بەرزەکەی نووسەری ئیسپانی (سێرڤانتس 1547-1616)ە و شاکەسی بەرهەمەکەشە، لە سەرەتای بەرهەمەکە تا کۆتاییەکەی لە هەوڵدانی بەردەوام دایە، خۆی کردووە بە سوارچاکێکی سەدەکانی ناوەڕاست، لەدوای هەر شکست و نسکۆیەکییەوە، دووبارە هەوڵدەدات و تێهەڵدەچێتەوە.[سێرڤانتس، 1987، ل26-100]. بەشێوەی ئاماژە دەقئاوێزانێکی ئەدەبی دروستکردووە، ئەمەش جوینەوەیەکی سادەیە.

2/ کۆمەڵە چیرۆکی (بەیازی گوڵفرۆشێک – 1998)

لە هەشت چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (دیوەخانی ئەستێرەکان، سەمای دارستان، ئاوێنە دڕەندەییەکان، پادشا، وڵاتی پەیکەرەکان، بەیازی گوڵفرۆشێک، دەمامک، سەعاتی سفر). شایەنی باسە لەم کۆمەڵەیەدا هیچ دەقئاوێزانێکی ئەدەبیمان بەدی نەکرد کە شایەنی باسکردن بێت، تەنیا لە چیرۆکی (وڵاتی پەیکەرەکان)دا کاتێک هەمو شار پڕبووە لە پەیکەر، بە هەرلایەک ئاوڕت بدابووایە هەر پەیکەربوو، بۆیە چیرۆکنووس دەربڕینی (بۆ هەچ لا دەکەی نەزەر)ی بەکارهێناوە، ئەم دەربڕینەش شێوەیەکی باوی دەربڕینە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی وشەی بێگانەدا کە

لێرەدا وشەی (نەزەر) بەکارهاتووە، هەموو دەربڕینەکەش هەستێکی شیعریی تێدایە، بۆیە بە کاریگەرییەکی شیعری کلاسیکی کوردی بەسەر چیرۆکنووسی دایدەنێین، ئەمەش لە نەستی چیرۆکنووسدا ماوەو بە نائاگاییەوە دەربڕینی لێ کردووەو دەچێتە چوارچێوەی جوینەوە.

باسی سێیەم: ماوەی 2003 – 2007

لەم ماوەیەدا ئارام کاکەی فەلاح دوو کۆمەڵە چیرۆکی چاپ و بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمانەن:

1/ کۆمەڵە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە - 2003)

لە پێنج چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (وێنەکان دووبارە دەبنەوە، سێوە لاسوورەی دڵ بەشی قەپاڵێک ناکات، کۆڵانی تەنیاکان، خەونی زێوان، فرمێسکی شارێک).

چیرۆکی (کۆڵانی تەنیاکان) لەسەر زاری چوار کەس دەگێڕدرێتەوە: (سەمونفرۆشێک، عارەقفرۆشێک، زێوانیک، مامۆستایەک). لە بەیانییەکەی زوودا سەمونفرۆشێک وەکو هەموو بەیانییەکی دیکەی ساردو بەفراویدا، سەمون دەفرۆشێت، لە کۆڵانی تەنیاکاندا تەرمێکی ڕەق بووەوە دەبینێ، ئەویش بەترسەوە لێی نزیک دەبێتەوە، دواتر دەزانێ کەسێکەو بەهۆی بەفرو سەرماوە ڕەقبووەتەوە. ئینجا دەست بە هاوارکردن و لە دەرگادانی ماڵان دەکات، وەک ماڵی (عارەقفرۆش و زێوان و مامۆستاکە)، کەس دەرگای لێناکاتەوە. دوا دیمەنی چیرۆکەکەش سەمونفرۆشەکە لەلای خاوەن سەمونخانەکەیەو باسی نەفرۆشتنی سەمونەکانی بەهۆی تەرمەکەوە بۆ دەکات، پێی دەڵێ بەیانی بۆ سەمونفرۆشتن بێمەوە یاخود نا؟

دوای ئەوەی سەمونفرۆشەکە تەرمێک لە بەیانیەکی زوودا، لە کەش و هەوایەکی سارد و بەفراویدا دەدۆزێتەوە، ئەم ڕۆژە هەموو کاتی بەدیار تەرمەکەو ناشتنی بەڕێدەکات و بەهۆیەوە سەمونەکانی بۆ نافرۆشرێت، بۆیە خەمی دەرکردنی لە کاری سەمونفرۆشییەکی لەلایەن خاوەن سەمونخانەتەکەوە وەک بەفر بەسەری دادەبارێت و خەمی ژیان و خەرجیی ماڵەوەیان هەراسانی دەکەن، سەرەڕای ئەوەی هیچ کارو کاسبییەکی دیکەش نازانێت، بۆیە باسی بێچارەیی خۆی بۆ خاوەن سەمونخانەکە دەکات و داوای لێدەکات لە ئیشەکەی دەری نەکات، لێرەدا گلەیی لە بەختی ڕەشی خۆی و گیرفانە ((لەسەد لاوە)) دڕاوەکەی خۆی دەکات.[ل64]. گیرفانی لەسەد لاوە دڕاو، هەڵمژینی دێرە شیعرێکی نالییە، کە نالی باسی دڵە لەسەد لاوە شکاوەکەی خۆی دەکات:

بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنی
مەی بۆ نەڕژێ شووشە لەسەد جێوە شکاوە [نالی، 2008، ل100]
ئەمەش سوودبینینێکی هونەریانەی چیرۆکنووسە لەو دێرە شیعرەی نالی.
2/ کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕک – 2007)
لە پێنج چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (نووسینەوەی دڕک، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، حوزنی میوانێک بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات، درەوشانەوەی مەحاڵ، گوڵەکانی دۆزەخ).

چیرۆکی (نووسینەوەی دڕک) بەسەرهاتی (غەریب ڕیکۆرد و ڕۆمانی پاریسی و دوو کۆپییەکە) و کەسانی دیکەش دەگێڕێتەوە. ئەم چوار کەسە هاوڕێی یەکترن، خەریکی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە دەگمەن و پێوانەییانەن کە لە شارەکەیاندا ڕوودەدات. لە دەفتەرێکدا کە بە دەفتەری ڕیکۆردەکان ناسراوەو دواتر ناوی لێ دەنێن (دڵی خەڵکانە بەهەشت - دڵی خەڵکان)، ژمارە پێوانەییەکان تۆماردەکەن. غەریب ڕیکۆرد خەریکبووە ژمارە پێوانەیی لە خۆحەشاردان تۆماربکات و بیکاتە سەدو یەکجار کە خۆی لەناو دڕکەکانی بەردەم ماڵی سیحربازەکە حەشارداوەو کەس پێی نەزانیوە، بەڵام سیحربازەکە دەیبینێت و گڕ لە دڕکەکان بەردەدات و غەریب ئاشکرا دەبێت، بەهۆیەوە ناتوانێت ژمارە پێوانەییەکە تۆماربکات. سیحربازەکەش دواتر بە تۆمەتی دزی و کوشتنەوە دەگیرێ و دادگایی دەکرێت. سەرەڕای باسکردنی بەسەرهاتی تایبەت بە ڕۆمانی پاریسی و دوو کۆپییەکەو کەسانی دیکەش.

ڕۆمانی پاریسی کە هاوڕێی غەریبەو یەکێکە لە کەسە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە، هاوینان چووەتە لای باپیری و لە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەی باپیری کچێکی خۆشویستووە، داوا لە کچەکە دەکات لەگەڵی بێتە پاریس، کچەش ڕازی نابێت، بۆیە ڕۆمان پێی دەڵێ:
ئەی یارا یاری نازدارا وەرە لەگەڵم. [کاکەی فەلاح، 2007، ل27].
لەم وەرگرتنەدا تێبینی (ئەی یارا یاری نازدارا) دەکەین. ئەمە هەمان ئەو دەربڕینەیە کە لە دێرێکی شیعری (نیاز)ی گۆرانی شاعیردا هەیە. دێرەکەی گۆران بەمشێوەیە:
بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕەژنی شۆخ،
بەلێوی ئاڵ: بەچاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ [گۆران، 1980، ل43]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردوو دەربڕینەکە بۆ خۆشەویستی نووسراون، چیرۆکنووس دێرە شیعرەکەی کورت کردووەتەوەو تەکنیکی جوینەوەی بەکارهێناوە.

لە شوێنێکی دیکەدا باس لە پیاوێک دەکرێت لە بەردەم ماڵی سیحربازەکەدا بووەتە بەرد، ئەمەش سیحربازەکە وای لێکردووە. پیاوەکە ویستوویەتی لە شیلەی دڕکەکانی بەردەم ماڵی سیحربازەکە دەرمانێک دروستبکات و برینی جەستەی ژنەکەی پێ چارەسەر بکات. چونکە ژنەکەی ((بەم نزیکانە هەموو لەشی دەبێتە (باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە، خێڵی دوژمن دەورەی داوە) ))[ل32]. بێگومان (باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە) بەشێکە لە شیعری (گوڵی خوێناوی!) گۆرانی شاعیر، بەشەکەش بەم شێوەیەیە:

باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە،
خێڵی دوشمن دەورەی داوە،
ئەرۆم: ڕیگام لێ گیراوە،
نارۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە! [گۆران، 1980، ل17].

پەیوەندییەکەش لەوەوە دێت باخچەی پاشاو دڕکەلانەکە گەیشتن پێیان ئەستەمە، هەردووکیشیان بۆ چارەسەرکردن بەکارهاتوون. چیرۆکنووس بەکەمێک گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە بەکاریهێناوەو جوینەوەیەکی ئاشکراو سادەیە.

لەو کاتەی سیحربازەکە دەستگیرکراوەو دادگایی دەکرێت، چەند جارێک خوێن لە لوتی دەهات، غەریبیش بە نامەیەک دادوەر ئاگادار دەکاتەوە کە بۆیە خوێنی لە لوتی دێت چونکە درۆ دەکات، وەک چۆن (پینۆچیۆ) کە درۆی دەکرد لوتی درێژدەبوو.[ل44]. پینۆچیۆ چیرۆکێکی بەناوبانگی منداڵانە، بووکۆڵەیەو پیرەمێردێک دروستی کردووە، دواتر فێری جوولەو قسەکردن دەبێت، جارێک درۆ لەگەڵ فریشتان دەکات و بەهۆیەوەش لوتی درێژدەبێت، بۆیە تۆبە دەکات کە جارێکی دیکە درۆ نەکات.[www.qssas.com]. چیرۆکنووس دەقئاوێزانی بەم چیرۆکەی منداڵاندا کردووەو لە شێوەی ئاماژەیەکدا بەناوهێنانی کەسی سەرەکیی چیرۆکەکەی منداڵاندا کە هەر ناوی چیرۆکەکەشە دەقئاوێزێکی ئەدەبی بە تەکنیکی جوینەوە کردووە.

دوای دادگایی کردنی سیحربازەکە، پۆلیسماڵی سیحربازەکە دەپشکنن و لەژێر زەمینی ماڵەکەیدا گیانداری جۆراوجۆر دەدۆزنەوە، وەک: ((ئەسپی بریندار کە حیلەی دەگەیشتە بنی دونیا، مەیموون، کە دەم و چاوی پڕ بوو لە پارانەوە، کرمی گەورەی ئاوریشمی لەناو شووشەی ماسیدا، مشکی سپی جوان جوان کە زیکەیان ناخۆشی کردبوو، مریشکی پەرزێڕین کە هێلکەی ئاڵتوونیان کردبوو)).[ل46]. لەناو ئەو گیاندارانەدا ئەو مریشکەی کە هێلکەی زێڕی دەکرد سەرنجمان ڕادەکێشێت. ئەمە چیرۆکێکی بەناوبانگی منداڵانە لە جیهاندا بەشێوەی جیاواز هەیە، کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە خێزانێکی جوتیاری هەژار مریشکێکیان هەیە و ڕۆژانە هێلکەی زێڕی بۆ کردوون، ئەوانیش هێلکەکەیان فرۆشتووەو بە پارەکەی ژیانێکی باشیان پێکەوەناوە، دواتر بەهۆی چاوچنۆکییەوە بڕیاردەدەن هەرچی هێلکەیە لە زگی مریشکەکە دەربهێنن و بیفرۆشن و بەجارێک دەوڵەمەند بین، بۆیە مریشکەکە سەردەبڕن و کەلوپەلی دەکەن، بەڵام لە هەناویدا هیچ هێلکەیەک نادۆزنەوە، بەهۆیەوە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و مریشک و هێلکەکەیان لەدەستدەچێت.[www.qssas.com]. چیرۆکنووس ئەم چیرۆکەی منداڵانی بە ئاماژەدان بەو مریشکەی کە هێلکەی زێر دەکات، دەقئاوێزانی چیرۆکەکەی کردووە.

چیرۆکی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد) پەیوەندیدارە بە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕک). لەم چیرۆکەدا غەریب ڕیکۆرد بەدوای ژنی ئەو پیاوە دەگەڕێت کە بووە بە بەرد و وەکو پەیکەر لەبەردەم ماڵی سیحربازەکەدا چەقێندراوە، ژنەکە هەموو لەشی برین بووە، غەریب هەوڵێکی زۆر دەدات تا ژنەکە دەدۆزێتەوە، ژنەش بەسەرهاتی خۆی و مێردە خۆشەویستەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. دووبارە ژنەکەی لێ ون دەبێتەوەو لەگەڕانی بەردەوام دەبێت.

کاتێک غەریب بەدوای ژنەکەدا دەگەڕێت، دەگاتە ئاواییەک و لەبارەی ئاواییەکەشەوە دەڵێت: ((ئاواییەکم دۆزییەوە، ئاوایی چی؟ چەند ماڵێکی بەسەریەکدا ڕووخاو بەسەریەکدا دارماو، بێخزمەت 000 بەجێماو لە سەفەری ڕۆژ، (لەسەفەری شەو).))[ل64]. لەم وەسفەدا دەربڕینی بەجێماو لە سەفەری شەو، جوینەوەی دێرە شیعرێکی بەناوبانگی گۆرانە کە لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دایە، دێرە شیعرەکەی گۆرانیش بەمشێوەیەیە:

مانگی بەجێ ماو لەسەفەری شەو

زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو [گۆران، 1980، ل131]

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چیرۆکنووس سەرەڕای (لە سەفەری شەو) کە سوود بینیە لە شیعرەکەی گۆران، خۆشی بە هەمان شێوەو نزیک لە شیعرەکەی گۆران، دەربڕینی ( لە سەفەری ڕۆژ) زیادکردووەو وردەکاریی زیاتری پێداوە.

## باسی چوارەم: ماوەی 2010 - 2018

لەم ماوەیەدا ئارام کاکەی فەلاح چوار کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکراوەی هەیە، کە ئەمانەن:

1/ کۆمەڵە چیرۆکی (بلیتێک بۆ جەهەنەم – 2010)

لە حەت چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (باوکی ناو تەلەفۆن، ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت، من بە بووکێکی گەورەوە، دڵێک لە کەلاوە، گرێبەستە لەگەڵ تاریکیدا، دیلی دەنگەکان، بلیتێک بۆ جەهەنەم).

چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن) باسی باوکێک دەکات هەموو شەوان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە حیکایەتێک بۆ کچە منداڵەکەی دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ دایکیدا دەژی. دایک و باوکەکەش لە تەمەنی یەکساڵیی کچەکەیاندا لەیەک جیابوونەتەوە، بەهۆی کچەکەشیانەوە پەیوەندییان ماوە. پیاوەکە هەست دەکات نەخۆشیی دەروونیی هەیە، سەردانی دکتۆر دەکات و باسی کەم خەوی و باری دەروونیی خۆی بۆ دەکات. لەناو ئەم چیرۆکەشدا حیکایەتێکی زنجیرەیی هەیە، کە هەموو شەوێک باوکەکە بەشێکی بۆ کچەکەی بە تەلەفۆن دەگێڕێتەوە. چیرۆکە سەرەکییەکە و حیکایەتەکە لەگەڵ یەکتردا دەڕۆن.

کاتێک باوکەکە دەچێتە لای دکتۆری دەروونی و باسی خۆی بۆ دەکات، بە دکتۆر دەڵێت: ((من لە سیزیف خراپترم لەجیاتی بەردێک دوو بەردم بە کۆڵەوەیە، بەردێکیان سزای خوداوەندەکانە و بەردەکەی تریان سزای منە بۆ خۆم))[کاکەی فەلاح، 2010، ل12]. لێرەدا باوکەکە خۆی بە (سیزیف) چواندووە، تەنانەت ئەو خەم و بارەگرانەی لەسەر شانی بووە، لە بارەکەی سیزیف گرانتر بووە. سیزیف ئەفسانەیەکی بەناوبانگی جیهانییە، لەلایەن نووسەری فەرەنسی (ئەلبێر کامۆ 1913-1960) لە ساڵی 1942 بەشێوەی ڕۆمان نووسراوەتەوە. ئەفسانەکە باسی سزای خوداوەندەکان بەسەر سیزیفەوە دەکات، دەبێت سیزیف بەردێکی گەورە بەسەر شاخێکدا سەربخات، ئەویش چەند جارێک هەوڵدەدات و سەرکەوتوو نابێت. خوداوەکانیش بۆ ئەو مەبەستە ئەو کارەیان کردووە کە باشترین سزا بۆ مرۆڤ ئەوەیە کارێکی بێماناو بێهیوا بکات.[www.wikipedia.org]. بەم شێوەیە سیزیفیان دووچاری کارێکی تاقەت پڕوکێن کردووە، هەر هەوڵدەدات و شکست دەهێنێت. ئەم دەقئاوێزانە ئەدەبییە بەشێوەی

ئاماژەیەک لەگەڵ بەرهەمێکی جیهانیدا کراوە، سیزیف سەرەتا ئەفسانەیەکی بەناوبانگ بووە، دواتر کامۆ بەشێوەی ڕۆمان دایڕشتووەتەوە، بێگومان دەچێتە چوارچیوەی جوینەوەو تەنیا ناوی کەسی سەرەکیی و بیرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە هێنراوە.

چیرۆکی (گرێبەستە لەگەڵ تاریکیدا) باسی پیاوێکی نابینا دەکات لە منداڵییدا شتێکی پڕ تۆزو خۆڵ کەوتووەتە سەرچاوی و بەهۆیەوە چاوەکانی کوێربوونە. لە ئێستای گێڕانەوەی چیرۆکەکەشدا ماوەی سی و دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە، لە هۆڵی چاوەڕوانی نەشتەرگەری چاوەکانییەتی کە لەلایەن خاوەن کارگەیەکی دروستکردنی بۆندا خەرجی نەشتەرگەرییەکەی بۆ دابین کراوە، کۆتایی چیرۆکەکەش چەند خولەکێکە پێشچوونی بۆ هۆڵی نەشتەرگەری و مەترسی خۆی لە گەڕانەوەی بینایی و دیتنی ڕووناکیدا پیشان دەدات.

پیاوە نابینایەکە بەهۆی کوێربوونی چاوییەوە هەست بە هیچ جوانی و خۆشییەکی دونیا ناکات، بۆیە هیچ باکی بە جوانییەکانەوە نییە، لەم ڕووەوە دەڵێت: ((کە من لە منداڵییەوە کارەبا لە چاوەکانمدا کوژابنەوە، چ باکم هەیە ئەم یارییەی من لەگەڵ دونیادا چۆن تەواودەبێت))[ل59]، ئەم وەرگرتنە هەڵمژینی دێرە شیعرێکی بەناوبانگی مستەفا بەگی کوردییە کە لە شیعری (شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو)دایە، دێرە شیعرەکەش بەمشێوەیەیە:

کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەرو فەغفوورە ئەمشەو  [کوردی، 1973، ل59]

لێرەدا چیرۆکنووس وەک ناوەخنی دێرە شیعرەکە ڕەزامەندە بەو دۆخەی تێیدایەو ئەگەر بارودۆخی باشتریشی بۆ برەخسیت، ئەوە هیچ باکی پێی نییە.

لەچیرۆکەکەدا کابرای نابینا بێ ئیش و کارە، دواتر لەڕێگەی ئامۆزایەکییەوە بەهۆی بەهێزیی هەستی بۆنکردنییەوە، کارێکی لە کارگەیەکی دروستکردنی بۆنەوە بۆ دەدۆزرێتەوە. لەبارەی هەستی بۆنکردنیشییەوە، کابرای نابینا دەڵێت: ((لووتی من بەهرەیەکی گەورەی بۆنکردنی هەیە، من تەنها بە بۆن کردن دەزانم کە 14 کەس لەم قاوشەدا وەستاون و دووانیش هاتووچۆ دەکەن، من دەتوانم بە یەکە یەکەتان بڵێم کە ئەم بەیانییە چیتان خواردووەو گۆرەوییەکەتان چەند ڕۆژە نەشتووە، کامتان غەمبار بە قوراویی ژیاندا ڕۆچوونە و کامتان بۆنی ژیان لە هەناسەتان دێت))[ل63-64]. ئەم

بەهرەداری و توانا لەڕادەبەدەرییەی هەستی بۆنکردنی نابیناکە، سەرنجمان بۆ (ژان – باپیتیست گرینۆی) کەسی سەرەکیی ڕۆمانی (عەتر)ی نووسەری ئەڵمانی (پاتریک سویسکیند 1949- 0000) ڕادەکێشێت. ئەم ڕۆمانە بەتەواوی باس گرینۆی هەر لە منداڵییەوە تاوەکو گەورەبوون و کوژرانی دەکات کە چ بەهرەیەکی سەرسووڕهێنەری لە بۆنکردندا هەبووە، بەڕادەیەک کە منداڵ بووەو لەسەر درەختەکان ژیاوەو ((چەندان میل دوور، بۆنی خوێنی ئەو حەیوانانە دەکا کە لەوێوە تێدەپەڕن))[سویسکیند، 2009، ل32]. گرینۆی ((بە شەش ساڵیی دەوروبەری خۆی سەرومڕ بەبۆن دەرک پێ کردبوو))[ل38]. سەرەڕای چەندین نموونەی دیکەی بەهێزیی هەستی بۆنکردنی گرینۆی. نابیناکەو گرینۆی لە بەهێزیی هەستی بۆنکردندا زۆر لەیەک نزیک بوونەو کاری نائاساییان کردووە. ئەم دەقئاوێزانە ئەدەبییە بەتەکنیکی هەڵمژین بووەو چیرۆکەکەی بەپێزتر کردووە.

چیرۆکی (دیلی دەنگەکان) باسی خێزانێکی گچکە کە لە دایک و باوک و کچێک پێکهاتووە دەکات، کچەکە ناوی مەرجانەیە. لە گەشتێکدا تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبن، بەهۆیەوە دایکەکە دەمرێت و باوکەکەش زیاتر لە مانگێک لە نەخۆشخانە بێهۆش دەکەوێت، مەرجانەش دەستێکی لەجێ دەچێت. زۆربەی گێڕانەوەکە لە نەخۆشخانەیە، بەتایبەتی دوای بەهۆش هاتنەوەی باوکەکەو قسەکردنی لەگەڵ مەرجانەدا.

لەو کاتەی باوکەکە لە نەخۆشخانەیە ڕۆژێک مەرجانەی لەسەر کورسییەک بینی کە خەوی لێکەوتبوو، بەو کچە پاشایەی چواند کە لە هەموو تەمەنیدا پێکەنین و زەردەخەنە نەهاتبووە سەر دەم و لێوەکانی، پاشاش بۆ چارەسەرکردنی کچەکەی فەرمان دەدات هەر کەسێک کچەکەی بخاتە پێکەنین، لێی مارەدەکات و دەیکاتە زاوای خۆی.[ل77]. دواتر کوڕە هەژارێک ئەم بەهرەیەی تێدادەبێت و کچەکە دەخاتە پێکەنین، پاشاش دەیکاتە زاوای خۆی.[www.qssas.com]. ئەم دەقئاوێزانە بە ئاماژەدان بە کچی پاشا کراوە کە چیرۆکێکی بەناوبانگی منداڵانەو بۆ لێکچواندن بەکارهاتووەو دەچێتە چوارچێوەی جوینەوە.

2/ کۆمەڵە چیرۆکی (دزینی خەونەکان – 2011)

لە پێنج چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (بە دەزوویەک دڵم دەدوورمەوە، کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت، جیابوونەوە، ژنی ژێر باران، دزینی خەونەکان).

چیرۆکی (جیابوونەوە) باسی ژن و پیاوێک دەکات لەیەکتر جیابوونەتەوە، هەفتەی سێ چوار جار لەناو پاسدا یەکتردەبینن و ڕیزی یەکتردەگرن، بەڵام لە دڵەوە وانین و هەر یەکەیان خۆزگە دەخوازێت ئەوەی تر نەبینێت. جارێک لە کاتی هاتنەخوارەوەی ئافرەتەکە لەناو پاسدا، چەند نامەیەکی لێدەکەوێت و کەسێک هەڵیان دەگرێتەوە، ئەو کەسە لە کۆتایی چیرۆکەکە پەیدادەبێت و دەیەوێت ببێتە چیرۆکنووس، نامەکان هەفتەیەک لەلای دەبێت، دوای خوێندنەوەیان تێدەگات ئەمانە لەبەرچی لێکجیابوونەتەوە، ئەوە دەزانێت ژنەکە لەگەڵ پیاوێکی تردا دەستی تێکەڵکردووەو کەم و کورتیی ئەندامی زاوزێی پیاوەکەی کردووەتە هەنجەتێکی جەهەننەمی، بەهۆیەوە بەخۆی و دۆستی دوورەدەستییەوە فێڵی لێدەکەن. کۆتایی چیرۆکەکە چیرۆکنووسەکە بیردەکاتەوە کە نامەکان چی لێ بکات و چی بکات؟

لەو کاتەی چیرۆکنووسەکە نامەکانی ژنەکەو دۆستی دوورەدەستی دەخوێنێتەوە، دۆستەکەی چەندین نامەی سۆزئامێزی بۆ نووسیوە، پەرۆشی و خۆشەویستی درۆیانەی بۆ دەربڕیوە، لە شوێنێکدا دەڵێ من بۆ تۆ خەڵووزێک لە سینەمدایە (بەس باوەشێنی کە بەناز)[ل49]. بێگومان دەربڕینی (بەس باوەشێنی کە بەناز) بەشێکە لە نیوە دێرێکی (ناری 1874-1944)ی شاعیر، دێرەکەش ئەمەیە:

مێشی خاڵت نافڕێ بەس باوەشێنی کە بەناز

چونکە پابەندە بە شەهدی ڕوومەتی زێباتەوە. [ناری، 2014، ل237]

دیارە بابەتی خۆشەویستی و دڵداریی لە هەردوو دەقەکەدا هەیە، ئەم دەقئاوێزانە ئەدەبییە بە تەکنیکی جوینەوە کراوەو ڕاستەوخۆ بەشێکی نیوەدێرێک وەرگیراوەو دەستکاری نەکراوە.

چیرۆکی (ژنی ژێر باران) باسی پیرەمێردێک دەکات کە بەتەنیا دەژی، بەبۆنەی بوونی بە حەفتاو دوو ساڵەوە، کوڕەزایەکی لەگەڵ هاوڕێیەکی کە بە نەوزادی شەترەنج ناسراوە، لاپتۆپ و ئەنتەرنێتی بەدیاری بۆ دەهێنن و ئیمێل و فەیسبووکی بۆ دروستدەکەن، ئەویش لەماڵەوە هەر خەریکی فەیسبووک دەبێت و بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند پۆستێک، ژنێک بەناوی (ژنی ژێر باران) دەناسێت و دەبنە هاوڕێی یەکتر، ڕۆژێک ڕێکدەکەون لە پارکی دایک یەکتر ببینن، بە گەیشتنی پیرەمێردەکە بۆ پارکەکە بۆ دیتنی ژنەکە چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو کاتەی پیرەمێردەکە خەریکی فەیسبووک دەبێت و لەگەڵ هاوڕێیانی فەیسبووکی بیروڕا دەگۆڕنەوەو هەر کەسەو لەلای خۆیەوە وتەی کەسانی ناوداری بوارە جیاجیاکانی ژیان بڵاودەکەنەوە، زۆرجار هاوڕێیەکانی ئەم وتانە دەدەنە پاڵ خۆیان. لەم چیرۆکەدا ئاماژە بە ناوی چەندین ئەدیبی بێگانە کراوەو وتەی بەناوبانگیشیان لە پاڵ ناویان لە پۆستی فەیسبووکیدا بڵاوکراوەتەوە. دەقئاوێزانی ئەدەبی لەم چیرۆکەدا بەهۆی هێنانەوەی چەند وتەیەکی ئەدیبان و ئاماژەکردن بەناوی ئەدیبان دروستبووە. پیاوەکە باسی ئەوە دەکات هەر کەس لەلای خۆیەوە وتەی ئەدیبێکی دەهێناو بەناوی خۆیەوە بڵاوی دەکردەوە. لە چیرۆکەکەدا ناوی چەندین ئەدیب و وتەکانیان هاتووە، وەک وتەی: (تۆلستۆی، ئۆڤیدۆس، مادام دێ سفێنگە، ئەلیاس کانیتی، ئۆسکار وایلد، ئەدۆنیس، کارلۆس زافۆن، سوهراپ)[ل57-60]. ئەمانە ئەدیبی بەناوبانگی جیهانن، بەناوهێنان و تۆمارکردنی وتەکانیان دەقئاوێزانی ئەدەبیی دروستبووەو دەچێتە خانەی تەکنیکی جوینەوە. ئاماژەکردنیش بەناوی ئەدیبێک یان هەر داهێنەرێکی بواری دیکە لەناو دەقی ئەدەبیدا، دەچێتە خانەی دەقئاوێزانەوە، چونکە ئەدیبەکە بە ئاگایی و شارەزاییەوە ئەم کارەی کردووە.

3/ کۆمەڵە چیرۆکی (من و کامێراکەم – 2013)

لە شەش چیرۆک پێکهاتووە کە بریتین لە (ژنی ژێر باران، ژنی ژێر باران2، نووسینەوەی درۆ، فریشتەی سووتاو، من و کامێراکەم، کافکا لە سابوونکەران). بێگومان چیرۆکی (ژنی ژێر باران) لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی پێشووش هاتووەو لەوێ کارمان لەسەر کردووەو لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

چیرۆکی (ژنی ژێر باران2) درێژکراوەی چیرۆکی (ژنی ژێر باران)ە. ئەم چیرۆکە زیاتر باسی ژنی ژێر باران دەکات کە چەندین ڕۆژە بەدیار لاپتۆپەوەیەو زیاتر لە سەد نامەی بۆ پیاوەکە ناردووە، بەڵام پیاوەکە دەنگی نییە، لێی ون بووە، لە فەیسبووک نامەی بۆ هاوڕێیانی ناردووەو داوای لێکردوون لە دۆزینەوەیدا یارمەتی بدەن. کۆتایی چیرۆکەکەش خانم هەر لەسەر لاپتۆپەوەیەو بەدوای پیاوەکەدا دەگەڕێت. کاتێک ژنی ژێر باران لە ژوانەکەی بۆ پارکی دایک نزیکەی کاتژمێرێک دوادەکەوێت، کە دەگات پیاوەکە نەماوە، لەسەر ئەو کورسییەی کە پێشتر لەسەری دانیشتوون، پیاوەکە چەند نامەیەکی بۆی بەجێهێشتووە، لە یەکێکیاندا دەڵێت: ((جەژنی تۆش پیرۆزبێ خانم! سوپاس بۆ ئەو وێنانەی ناردبوت، من کە زەردەخەنەکەتم بینی ئینجا کردم بە جەژن. وەک دەڵێن دەبێ خەڵکی مانگ ببینن بۆ

ئەوەی بیکەنە جەژن، من وێنەکەی تۆم بینی. دەزانی خانم! من هەموو رۆژێ کە وێنەی تۆ دەبینم جەژنە لای من))[ل30]. ناوەرۆکی ئەم نامەیە ئەوەیە کەی پیاوەکە ڕووی یاری خۆی ببینێت، لەلای ئەو جەژن و خۆشترین ڕۆژە، ئەم بیرۆکەیە بەشێوەی جیاواز لە شیعری کوردیدا هەیە، بنەڕەتی بیرۆکەکەش ئەوەیە هەر کاتێک عاشق ڕووی یاری ببینێت، لەلای ئەو وەک ئەوەیە وایە کە ڕۆژ و مانگی بینیبێت، ڕۆژو مانگیش دوو پێکهاتەی گرینگی سروشتن، زۆرجار وەک هێمای ئاینی و جوانی و خۆشەویستی بەکارهاتوونەو بەکاری دەهێن، لەم بارەیەوە نالی دەڵێت:

هەر کەسێ ڕووی تۆ دەبینێ خۆی بە قوربانی دەکا

چونکە ئەبرۆی تۆ هیلالی عیدە قوربانی دەوێ [نالی، 2008، ل131]

جاهیدیش دەڵێت:

بەیانی ماچی لێوم کرد ووتی رۆژیت شکا (جاهد)

ووتم تۆ ماهی دەرکەوتی لە بۆمن جەژنە ئێستاکە [جاهد، 1979، ل157]

ئەم دەقئاوێزانە بە تەکنیکی هەڵمژین کراوە.

چیرۆکی (نووسینەوەی درۆ) باسی نووسەرێکی هەژار دەکات کتێبێکی لەبارەی چۆنیەتی نووسینی یادەوەرییەوە نووسیوە، ڕۆژێک لەلایەن کۆنە موستەشارێک بەناوی (شێخ غەفوری قەترانی) تەلەفۆنی بۆ دەکرێت و هەندێک پارەشی بۆ دەنێرێت، داوای لێدەکات سەردانێکیان بکات تاوەکو لەسەر کارێک ڕێکبکەون، کە سەردانی دەکات تێدەگات ئاغای قەترانی مەبەستی ئەوەیە یادەوەری ئەو بنووسێتەوەو کۆمەڵێک درۆو ڕووداوی هەڵبەستراویشی بۆ دروستبکات، لە بەرانبەریشدا پارەیەکی زۆری دەداتێ. نووسەرەکە دێتەوە ماڵی خۆی و لە بیری ئەوەدەبێت ئەم کارە بکات یاخود نەیکات؟

دوای ئەوەی نووسەرەکە دێتە لای ئاغای قەترانی و ئاغا سەرسامی خۆی بە کتێبەکەی نووسەرەکە دەردەبڕێت، بەتایبەتی وتەی سەربەرگەکە کە بە قسەی قەترانی لەلایەن ((پرۆست ناوێکە))[ل43]وە نووسراوە. مەبەست لەو پرۆستەش، ڕۆماننووسی ناوداری فەڕەنسی (مارسیل پرۆست 1871-1922)ە، دیارترین ڕۆمانیشی (گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچووا)ە. بەم ئاماژەیەش دەقئاوێزانێکی ئەدەبی بە تەکنیکی جوینەوە دروستبووە. لە دانیشتنیاندا، ئاغای قەترانی بە نووسەرەکە دەڵێت دەمەوێت هەندێ ڕووداوم بۆ دروست بکەی کە من تێیدا بەشدار نەبووبووم، بەڵام ئەتو وای لێبکە

وەک ئەوەی بەشاربووبم. نووسەرەکە پێی دەڵێت ڕووداوی وەک چی؟ ئەویش دەڵێت: ((بۆ نموونە حەزدەکم بەو منداڵییە، پێش نۆزدەی حوزەیرانی 1950 نان و کەبابێکم لەگەڵ پیرەمێردا لە چاپخانەکەی خواردبێ، ئایا ئەمە ئاسانە، شیاوە؟ شتێ وا دەکرێ؟ یان لە سەرەتای شەست و دوودا دوو کەسی گەورەم پێش مردنیان بینیبێت، یەکەمیان لەبەردەرکی سەرا گۆرانی شاعیرم بینیبێ و گلەیی لە تەندروستی خۆی کردبێ و وتبێتی کە ئەم گەدەیەی ئەو ڕۆژێ دەیکوژێ و پێی وتبم کە من لە داهاتوودا دەبمە نیشتمان پەروەرێکی گەورەی ئەم وڵاتە. دووەم کەسیش نەجمەدینی مەلایە و لە گەڕەکی سەرچیمەن تووشم بووبێ بە تووشییەوەو لەوبەری شەقامەکەوە هاتبێ بۆ ئەم بەرو منی وەستاندبێ و پێی وتبم: ئەوە ڕۆڵە بۆ سەرێکم لێ نادەی لە کەشتی نووح، پێم خۆشە یارمەتیم بدەی لە فێربوونی قوتابییەکانم کە تا ئێستا گەیشتوونەتە شەش هەزارو پێنجسەد کەس))[ل44-45]. لەم وەرگرتنەدا ئاماژە بەناوی (پیرەمێرد و گۆران و نەجمەدین مەلا) کراوە کە سێ ناوداری بواری ئەدەب و فێرکردنی کوردن. پیرەمێردی شاعیر لە 19ی حوزەیرانی 1950 مردووە.[خەزنەدار، 2005، ل102]، گۆرانیش لە 18ی تشرینی دووەمی 1962 مردووە.[خەزنەدار، 2006، ل575] و نەجمەدین مەلاش لە 1962/4/23 وەفاتی کردووە.[عەبدوڵڵا، 2016، ل893]. لە ڕێگەی ئەم ناوانەشەوە دەقئاوێزانی ئەدەبی دروستبووە، بەتایبەتی لە ناوهێنانی پیرەمێردو گۆراندا، چونکە هەردووکیان دوو ئەدیبی گەورەو بەناوبانگی کوردن و چیرۆکنووس ئاگاداری ژیان بەرهەمیان بووە.

چیرۆکی (کافکا لە سابوونکەران) باسی کوڕێکی قوتابی زانکۆ دەکات کە ناوی شاسوارەو بە گریگۆر شاسوار ناسراوە، بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت و تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ زیادبووە، تەمەنی بووەتە شەست و پێنج حەفتا ساڵی و پیربووە. لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوک و خوشکە گچکەکەی دەژی. ئەو بەیانییە چەند دایک و خوشکەکەی داوای لێدەکەن بێت نانی بەیانی بخوات، لەبەر ئەو بارودۆخ و گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە، دەرگا ناکاتەوەو ناچیت لەگەڵیاندا نان بخوات، ئیتر تا کۆتایی بەمشێوەیە دەبێت.

ئەم چیرۆکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕۆمانی (بەدگۆڕان)ی (فرانتز کافکا 1883-1924)ەوە هەیە. هەردوو بەرهەمەکە باس لە گۆڕانێکی خراپی مرۆڤ دەکەن بەهۆی گەلێک هۆکاری دەوروبەرییانەوە. ئەم چیرۆکە لەگەلێک ڕووەوە لە ڕۆمانی بەدگۆڕانەوە دەچێت، دەستپێکی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چیرۆکە بەمشێوەیە: ((کاتێک شاسوار، شاسواری نازدار، کە هاوڕێکانی بە گریگۆر شاسوار بانگی دەکەن، شەو دەنوێ و بەیانی لە ژوورەکەی خۆیدا لە سابوونکەران خەبەری دەبێتەوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانێ بجولێت. قەت ئەوەندە لەشی قورس نەبووە. تۆ بڵێیت نەخۆش بێت. زۆر لەخۆی دەکات تا لەسەر هەردوو قاچی خۆی ڕادەگرێت، پێش ئەوەی دەرگاکە بکاتەوەو وەک هەموو بەیانییەک بچێت و نانی بەیانی لەگەڵ دایک و باوک و خوشکە چکۆلانەکەیدا بخوات، لە ئاوێنەدا سەیرێکی خۆی دەکات پیر بووە، تەواو پیربووەو خۆی ناناسێتەوە)).[ل75]. دەستپێکی ڕۆمانی بەدگۆڕانیش بەمشێوەیە: ((بەیانییەک هەر کە گریگۆر سامسا لە خەونە ئاڵۆزەکانی وەئاگا هات، خۆی لەنێو نوێنەکەیدا بینی بووەتە گەزەندەیەکی زەبەلاح و لەسەر پشتە ڕەقەکەی هەڵاژا بوو، بەجۆرێ لە پارچە ئاسنێک دەچوو))[کافکا، 2006، ل7]. لە هەردوو دەستپێکەکەدا بەیانییەک هەیەو شاسوارو گریگۆر لەخەو هەڵدەستن، هەردووکیشیان گۆڕانێکی خراپیان بەسەردا هاتووە. شاسوار تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ زیادبووەو پیربووە، گریگۆریش بووەتە قاڵۆنچە. کافکا ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی 1915 بڵاوکردووەتەوە. ئەم ڕۆمانە جەخت لەسەر ئەو پاڵەپەستۆ دەروونییانە دەکات کە مرۆڤ بەهۆی سەرقاڵبوونی بەپەیداکردنی بژێوی ژیانەوە دووچاری دەبێت، ئەو پاڵەپەستۆیانە چۆن وادەکەن مرۆڤ لە مرۆڤایەتی بوونی دابماڵێت. گریگۆر بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکەی لە ئیشکردنی بەردەوام دابووە، کاتێکیش بەشێوەیەکی خراپ دەگۆڕێت و کەلکی ئیشکردنی نامینێت، خێزانەکەی بێزاریی لێدەکەن و ئومێدی مردنی دەخوازن. ئەم ڕۆمانە بەرجەستەکەری سیستەمی سەرمایەدارییە، مرۆڤ بەو شتانەی هەیەتی دەپێوێت، نەک بەڕەوشت و کەسایەتییەکەی. کاتێکیش هیچی نەبێت، وەک ئەوەیە بوونی نەبێت.شاسواریش بەرجەستەکەری کۆمەڵگای کوردییە، بەدگۆڕانەکەی لە پیربووندا بەرجەستە بووە، ئەو بەدگۆڕانەش پەیوەستە بەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە بەسەر کورددا هاتوون. شاسوار بەرجەستەکەری مێژووی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی باشوری کوردستانە، ئەو لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالەکان و ڕاپەرین و کۆڕەو و براکوژیدا ژیاوە.[ل78]. شاسوار لە خەمی ئەوەدا بووە ئەگەر زانکۆ تەواو بکات دادەمەزرێت یاخود نا؟ دەبێتە خاوەن کارو پیشەی خۆی؟ دوارۆژی چییەو چۆنە؟ هەموو ئەم ڕووداو و کێشانە وایانکردووە هەر لە تەمەنی لاوێتیدا پیرببێت، ئەمەش بوونێکی ڕاستەقینەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. هەردوو بەرهەمەکە لە

خێزانێکی بچوک لە دایک و باوک و کوڕ و کچێک پێکهاتوون، لە هەردوو بەرهەمەکە بەدگۆڕانەکە بەسەر کوڕەکەدا هاتووە، لە هەردوو بەرهەمەکەدا باوکەکان دڵرەقن، دایک و کچەکەش میهرەبان. ڕەنگە جیاوازی سەرەکیی هەردوو بەرهەمەکە لە کۆتاییدا بێت، لە بەدگۆڕاندا گریگۆر دەمرێت، لە کافکا لە سابوونکەران شاسوار نامرێت، بەڵام نازانێت چۆن بەو پیرییەی بچێتە ناو خەڵک و زانکۆ خوێندنەوە. ئەم چیرۆکە دەقئاوێزانێکی تەواوی ڕۆمانی (بەدگۆڕان)ە و کەشێکی کوردیی پێدراوەو تەکنیکی گفتوگۆ بەکارهاتووە.

4/ کۆمەڵە چیرۆکی (کارگەی تووڕەیی – 2018)

لە نۆ چیرۆک پێکهاتووە، حەوت چیرۆکیان لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی پێشوودا بڵاوبوونەتەوە، دوو چیرۆکەکەی دیکەش بریتین لە: (ژنی ژێر باران3، کارگەی تووڕەیی)، بۆ یەکەمجار بڵاودەبنەوە، تەنیا کار لەسەر ئەم دوو چیرۆکە دەکەین، بەتایبەتی چیرۆکی (ژنی ژێر باران3) کە دەقئاوێزانی ئەدەبی تێدایە.

چیرۆکی (ژنی ژێر باران3) لەسەر زاری (غەریب ریکۆرد) دەگێڕدرێتەوە کە کەسی سەرەکیی چیرۆکەکانی (نووسنەوەی درک، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، حوزنی میوانێک بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات)بووە، لێرەشدا هەر کەسی سەرەکییە و لەگەڵ ژنی ژێر باران لە ڕێگەی نامەی فەیسبووکەوە یەکتردەناسن و گەلێک نهێنی باس دەکەن. ژنی ژێر باران کە بڕیارە لە پاریس بێتەوەو نامەیەکی ڕۆمانی پاریسی بیهێنێتەوەو بیداتە غەریب، لەگەڵ غەریبیش وا ڕێککەتوون یەکتر ببینن، هەر یەکێکیشیان بڕیاریداوە نهێنییەک بەوەی تر بڵێت، بەمشێوەیە چیرۆکەکە بە کۆتاییەکی کراوە کۆتایی دێت.

لە نامە گۆڕینەوەی نێوانیاندا، غەریب باسی چاوەڕوانیی خۆی دەکات، ئەوە دەڵێت لەوانەیە بەهۆی چاوەڕوانییەوە ببێتە مۆمێک و بتوێتەوە. ژنی ژێر بارانیش باسی گۆڕانەکان دەکات و ئەوە دەڵێت مرۆڤ لە دوای ڕۆمانەکەی کافکاوە دەشێ ببێتە هەموو شتێک.[ل92]. دیارە مەبەست لە ڕۆمانی (بەدگۆران)ی فرانتز کافکایە کە ساڵی 1915 بڵاویکردووەتەوە، باس لە خراپ گۆڕانی مرۆڤ دەکات، بەیانییەک گریگۆر سامسا کە کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لەخەوهەڵدەستیت و بووەتە قالۆنچەیەکی گەورە.[کافکا، 2006، ل7-108]. ئەمەش ئەو پەڕی بەدگۆڕانە کە مرۆڤ لە سروشتی

خۆی دەردەچێت. هەرچەندە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕۆمانەکەی کافکا کراوە، بەڵام بە هۆشیارییەکی زۆر و لە جێی خۆیدا کراوە. بەم ئاماژەیەش دەقئاوێزانی ئەدەبی دروستبووە. لە چیرۆکی (کافکا لە سابوونکەران) ڕۆمانی بەدگۆران بەشێوەیەکی تەواو دەقئاویزانی چیرۆکەکە بووە، بەڵام لەم چیرۆکەدا تەنیا ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش گۆڕانێکی گەورەیە کە بەرهەمێکی دیاریکراو لە دوو چیرۆکدا بە تەکنیکی جیاواز بەکاربێت.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنینە چەند ئەنجامێک، گرینگترینیان ئەمانەن:

1/ ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکەکانیدا دەقئاوێزانی لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و بێگانە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کردووە، بەرهەمەکانیش لە چوارچێوەی شیعرو چیرۆکی منداڵان و ڕۆماندا بوونە.

2/ هەرسێ تەکنیکی (جوینەوە، هەڵمژین، گفتوگۆکاری)ی بەکارهێناوە، لەڕووی ڕێژەوە جوینەوە لە هەموویان زیاترە کە نزیکەی سەدا حەفتا دەبێت، دوای ئەویش هەڵمژین دێت کە نزیکەی سەدا بیست و پێنجە، یەک چیرۆکیشی کە چیرۆکی (کافکا لە سابوونکەران)ە، بە تەکنیکی گفتوگۆ کردووەو لە بەرزترین ئاستی دەقئاوێزانی چیرۆکەکانییەتی. سەرەڕای ئاماژەپێکردنیش کە زۆر بەکارهاتووە.

3/ گۆرانی شاعیر دیارترین ئەدیبە کە دەقئاوێزانی چیرۆکەکانی بووە، دەقئاوێزانەکانیش بەهۆی ناوهێنانی گۆران و ناوی بەرهەمی و ئاماژەیەک یان بەشێک لە شیعرەکانی بووە.

4/ لە هەوڵە سەرەتاییەکانی ئارام کاکەی فەلاح تا دوا کۆمەڵە چیرۆکی، دەقئاوێزانی ئەدەبی بەشێوە و شێوازی جیاواز بەکارهاتووە.

5/ چیرۆکنووس ڕۆشنبیرییەکی فراوانی ئەدەبیی هەیە، ئاگادارو خوێنەری ئەدەبی کوردی و بێگانە بووە، ئەمەش لە چوارچێوەی دەقئاوێزانە ئەدەبییەکاندا بەدیارکەوتووە، بەشێوەیەکی جوان و لێزانانە ئاوڕی لە ئەدیبان و بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و بێگانە داوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

به زمانی کوردی

1/ ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد (2015)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپخانەی تاران.

2/ ئەڵوەنی، پ.ی.د. نەجم خالید (2012)، جۆرەکانی دەقئاوێزانی لە رۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب - دا، چاپخانەی کەمال - سلێمانی.

3/ بارت، ڕۆڵان (2011)، خۆشیی دەق، و: دوکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپخانەی ئاراس - هەولێر.

4/ جاهد، برهان محمد (1979)، چوارینەکانی جاهدی، دار الحرية للطباعة – بغداد.

5/ خەزنەدار، د. مارف (2005)، مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی پێنجەم -، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

6/ خەزنەدار، د. مارف (2006)، مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی شەشەم -، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

7/ سویسکیند، پاتریک (2009)، عەتر، و: کەریم پەڕەنگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

8/ سێرڤانتس (1987)، دۆن کیشۆت، و: محمد زەهاوی، دار الحرية للطباعة – بەغدا.

9/ شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد (2014)، بەراوردی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

10/ الصبيحی، د. محمد خضر (2016)، دەروازەیەک بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزەکردنی، و: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر.

11/ عەبدوڵلا، د. ئیدریس (2016)، فەرهەنگی ئەدەب و ڕۆشنبیری – زاراوەو کەسایەتی -، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن – هەولێر.

12/ عەبدوڵلا، پ.ی.د. ئیدریس (2018)، دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

13/ عومەر، د. موحسین ئەحمەد (2012)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی - سلێمانی.

14/ قەرەباغی، عەلی ئەزغەری (2012/9/5)، نێودەقێتی، و: پەروێز زەبیح غوڵامی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (184).

15/ کازانتزاکیس، نیکۆس (2003)، زۆربا، و: ڕەئووف بێگەرد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

16/ کافکا، فرانتز (2006)، بەدگۆڕان، و: جەلیل کاکەوەیس، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.
17/ کاکەی فەللاح، ئارام (1983/1/20)، تابلۆ - چیرۆک -، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (671).
18/ کاکەی فەلاح، ئارام (شوباتی1985)، خەونەکان سەوز دەبن - چیرۆک -، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (104).
19/ کاکەی فەللاح، ئارام (نیسانی1986)، خەمێکی گەش - چیرۆک -، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (118).
20/ کاکەی فەللاح، ئارام (تشرینی یەکەمی1986)، هەڵوێست - چیرۆک -، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (124).
21/ کاکەی فەللاح، ئارام (تەمموزی1987)، چاوە ڕەشەکانی ڕۆژە - چیرۆک -، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (133).
22/ کاکەی فەللاح، ئارام (1991)، زێراب – کۆمەڵە چیرۆک -، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی سارا – ستۆکهۆڵم.
23/ کاکەی فەلاح، ئارام (1998)، بەیازی گوڵفرۆشێک – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی میدیا – ستۆکهۆڵم.
24/ کاکەی فەلاح، ئارام (2003)، وێنەکان دووبارە دەبنەوە – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی کاکەی فەلاح – سلێمانی.
25/ کاکەی فەلاح، ئارام (2007)، نووسینەوەی درک – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە – سلێمانی.
26/ کاکەی فەلاح، ئارام (2010)، بلیتێک بۆ جەهەنەم – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی یاد – سلێمانی.
27/ کاکەی فەلاح، ئارام (2011)، دزینی خەونەکان – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی یاد – سلێمانی.
28/ کاکەی فەلاح، ئارام (2013)، من و کامێراکەم – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی یاد – سلێمانی.
29/ کاکەی فەلاح، ئارام (2018)، کارگەی تووڕەیی – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی ئەندێشە – سلێمانی.
30/ کوردی (1973)، دیوانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردستان – هەولێر.
31/ گۆران (1980)، دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا.
32/ مارکیز، گابریل گارسیا (2008)، خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا، و: محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.
33/ محەمەد، د. ئەنوەر قادر (تشرینی یەکەمی2006)، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (1207-1273) و مەولەوی تاوەگۆزی (1806-1882)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (18) بەشیB.
34/ ناری (2014)، دیوانی ناری، چاپی دووەم، کۆکردنەوەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: عوسمان عارف ناری زادە، چاپخانەی چوارچرا – سلێمانی.

35/ نالی (2008)، دیوانی نالی، ئامادەکردنی: د. مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
36/ هێمنگوای، ئێرنست (1982)، پیرەمێردو زەریا، و: شێرکۆ بێکەس، المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة – بغداد.

**بە زمانی عەرەبی**

37/ الأحمر، فيصل (2010)، معجم السيميائيات، دار العربية للعلوم ناشرون – بيروت.
38/ أمادو، جورج (1979)، كانكان العوام الذي مات مرتين، ت: محمد عيتانى، دار الفارابي – بيروت.
39/ بارت، رولان (2014)، في الأدب والرواية والنقد، ت: الدكتور عبدالرحمن بوعلي، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع – دمشق.
40/ بقشى، عبدالقادر (2007)، التناص في الخطاب النقدي والبلاغي – أفريقا الشرق – المغرب.
41/ بنيس، محمد (1979)، ظاهرة الشعر المعاصر في المغرب – مقاربة بنيوية تكوينية -، دار العودة – لبنان.
42/ حجازي، الدكتور سمير (بدون سنة الطبع)، معجم المصطلحات الغوية والأدبية الحديثة، دار الراتب الجامعية – بيروت.
43/ عزام، محمد (2001)، النص الغائب – تجليات التناص في الشعر العربي -، منشورات اتحاد الكتاب العرب – دمشق.
44/ فضل، د. صلاح (2005)، مناهج النقد المعاصر، الطبعة الخامسة، أطلس للنشر والانتاج الإعلامي – القاهرة.
45/ القاضي، محمد، والأخرون (2010)، معجم السرديات، دار محمد على للنشر – تونس، ودار الفارابي – لبنان.
46/ كريستيفا، جوليا (1997)، علم النص، ت: فريد الزاهي، الطبعة الثانية، دار توبقال – المغرب.
47/ مفتاح، محمد (1992)، تحليل الخطاب الشعري – استراتيجية التناص -، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي – الدار البيضاء.
48/ يقطين، سعيد (2001)، انفتاح النص الروائي: النص والسياق، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي – الدار البيضاء.

**ئەنتەرنێت**

49/ www.goodreads.com محمود، مصطفى
50/ www.poemhunter.com
51/ www.mawdoo3.com تعريف النص الأدبي
52/ www.qssas.com
53/ www.wikipedia.org

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Literary Intertextuality in Aram Kakai Fallah Stories

**Lect. Hussein Sabir Ali**
Qalla College for Gifted Students, Ministry of Education.
husseinsabir@yahoo.com

**Prof.Dr. Mawlud Ibrahim Hassan**
Department Of Kurdish Language, College Of Language, University of Salahaddin, Hawler.
mawlud.hassan@su.edu.krd

**Keywords:** *Literary intertextuality, Technique, Rumination, Absorption, Dialogue.*

## Abstract
Intertextuality is opening a new gate towards the literary text and identifies its relation with/to the previous rich fortune and its contemporary one. (The Literary Intertextuality in Aram Kakai Fallah Stories) is the title of this study which tries to explain the educational, experimental and technical levels of the story writer with the external intertextuality. Further, it specifies the most important literary intertextuality. The study is composed of two parts the first of which briefly introduces the literary texts then explains the emergence and the concept of intertextuality. Later, a glance is given to the types and techniques of intertextuality. In the second part according to the period of publishing the story and group of stories, the literary intertextuality is identified. Likewise, the most important techniques that are used by the story writer in the literary intertextuality are identified.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# التناص الأدبي في قصص آرام كاكەی فلاح

## الملخص

يفتحُ التناص باباً جديداً أمام النص الأدبي، ويُبين علاقته بالثروة الأدبية الغنية الماضية والمتزامنة معه. عنوان هذا البحث هو (التناص الأدبي في قصص آرام كاكەی فلاح) الذي يحاول أن يُبين المستوى الثقافي والتجربة و تقنيات القاص مع التناص الأدبي.

يتكون البحث من محورين، المحور الأول يُعرف باختصار النص الأدبي، ثم يوضح ظهور ومفهوم التناص، وبعده يسلط الضوء على أنواع وتقنيات التناص. ويُحدد المحور الثاني التناص الأدبي حسب مدة نشر القصص ومجاميعها، ويُظهر أهم تقنيات التي استعملها القاص في التناصات الأدبية.